تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5890) چوارشەمە 11ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ سدیق عەبدولعەزیز

ڕۆژی دووشەمە 2019/12/9 سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخ سدیق عەبدولعەزیز زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

هەواڵی کۆچی دوایی شێخ سدیق عەبدولعەزیز زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانمان پێ گەییشت.

پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو شێخ سدیق عەبدولعەزیز دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
9ی12ی2019

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شێخ سدیق عەبدولعەزیز دەکات

دوێنێ سێشەمە مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی ئاراستەی بنەماڵەی شێخ سدیق عەبدولعەزیز، زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ بنەماڵەی شێخ سدیق عەبدولعەزیز

پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان شێخ سدیق عەبدولعەزیز دەکەین. خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

پەیامی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

مێژووی دێرینی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەڵگەی بڕوابەخۆبوون و زیندوویەتیی ئافرەتانی کوردستانە



ئەمڕۆ چوارشەمە 2019/12/11 نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی 67هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە پەیامێکی ئاراستەی بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان..

بە بۆنەی 67هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆتان و کادیر و ئەندامانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان دەکەم.

هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ پێگەیاندنی چەندین ناو و توانای دیار لە ئافرەتانی تێکۆشەر و قوربانیدەر و سەرکردە لە بواری خەباتی مەدەنی و سیاسی و پەروەردەیی و فەرهەنگی لە کوردستاندا.

ئەو مێژووە دێرینەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بەڵگەی هەبوونی بیری یەکسانیخوازی و پێشکەوتنخوازانەیە لە نەهج و بیروباوەڕی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەر لە سەرەتای خەباتی سیاسییەوە، بەڵگەی بڕوابەخۆبوون و زیندوویەتیی ئافرەتانی کوردستانیشە لە بینینی ڕۆڵی بەرپرسیارانەیان لە مێژووی گەلەکەماندا.

هەر بەم بۆنەیەوە، دووبارە پشتیوانیی تەواوی خۆمانتان بۆ دووپات دەکەینەوە لە خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنیانەتان بۆ داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی ئافرەتانی کوردستان و بەهێزکردنی بنەماکانی کولتووری یەکسانی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

هیوای سەرکەوتنی زیاتر و پێشکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم.

بەرز و پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/11



باڵیۆزی ئەرمینیا لە عێراق بۆ خەبات:

60 هەزار کورد لە ئەرمینیا دەژین و دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکەین

3

2

لێژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان داوا لە خاوەن پشکەکانی چاڤیلاند دەکات سەردانیان بکەن




بارینی بەفر جووڵە دەخاتە کەرتی گەشتیاری

14



مافی مرۆڤ: کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی زۆر ڕازین

3



6

پێنجەمین بەنداوی گەورەی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت



3

هاوپەیمانییەکەی سەدر:

عێراق بەرەو خراپترین باردۆخ دەچێت



گەشتوگوزار 1ملیار دۆلار دێنێتە هەرێم و 30 هەزار هەلی کار دەرەخسێنێ

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

د. دلاوەر ئاژگەیی لەگەڵ بەرپرسی دیسکی عێراق و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا کۆبۆوە

بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق، پەنابەران و داعش و ڤیزای ئەو وڵاتە بۆ هاووڵاتییانی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەوە کرا



لە سەردانێکی فەرمیی بۆ هۆڵەندا، د. دلاوەر خالید ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا بە یاوەری شاندێکی نوێنەرایەتی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندای کرد و لەلایەن بالیۆز ئان لوێما، جێگری بەرێوەبەری گشتیی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و سیمۆنێ بەرپراسی، بەرپرسی دیسکی عێراق لە وەزارەتی ناوبراو کۆبۆوە.

د. دلاوەر ئاژگەیی باسی لە بارودۆخی سیاسی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد و دیدی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر کۆی ڕووداوەکان ڕوونکردەوە. یەکێک لە گرنگترین پرسە تاوتوێکراوەکانیش مەترسی سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش بوو لە بەشە جیاجیاکانی عێراق و ناوچەکە بە گشتی.

هاوکات لە کۆبوونەوەکە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو کوردستانێکی بەهێزتر خستەڕوو، تیشکی خستەسەر هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەپێناو چاکسازی و ریفۆرم و گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر بە هاووڵاتییان. هەروەها بە وردی باسی لەو هەنگاو و دیدارانە کرد کە نوێنەرایەتی لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ زانکۆکانی هۆڵەندی ئەنجامی داوە لەپێناو دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەنێوان زانکۆکانی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش سیاسەتی حکوومەت بۆ گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ.

بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە حکوومەتی هۆڵەندا کرد پشتگیریی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بکات بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی تایبەت لەلایەن زانکۆکانی هۆڵەندا لە بواری کشتوکاڵی پێشکەوتوو و بەرزکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و پیشەسازی، هەروەها ئاسانکاری زیاتر بۆ پێدانی ڤیزا بە هاووڵاتییانی هەرێم.

?پرسی هاتنی پەنابەران بەشێکی تری گفتوگۆی دانیشتنەکە بوو، کە تیایدا نوێنەری حکوومەتی هەرێم باسی لە هاتنی شەپۆلێکی تری پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان کرد. داوای هاوکاری و پشتگیریی حکوومەتی هۆڵەندا کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە هەرێم بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاوکاریی پێشکەش بە پەنابەران بکات. ?لەلای خۆیەوە، بالیۆز ئان لوێما هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی باش تێپەر دەبن و ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ هاوکاری و پشتگیری لە بواری پێشخستنی کشتوکاڵ و مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی ناتۆ دووپاتکردەوە کە لە ساڵی داهاتووی 2020 دەستپێدەکەن. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە بڕیارە هۆڵەندا بڕیار لەسەر هاوکاریی ئابووری بۆ قوربانیانی دەستی داعش لە هەرێمی کوردستان بدات.

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی (شێخ سدیق عەبدولعەزیز)

دوێنێ سێشەممە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی ئاراستەی بنەماڵەی شێخ سدیق عەبدولعەزیز، زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان خانەوادەی (شێخ سدیق عەبدولعەزیز)

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و زانای ئایینی و ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان (شێخ سدیق عەبدولعەزیز).

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و تەواوی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

شێخ سدیق عەبدولعەزیز زانایەکی ناسراو و دیاری ئایینی و یەکێک بوو لە کەسایەتیە تێکۆشەرەکانی کوردستان، هیواخوازین هاوخەمیی هاونیشتیمانیان و دڵسۆزان ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لە خوای گەورە داواکارین سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبووتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

اناالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/10

لێژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان داوا لە خاوەن پشکەکانی چاڤیلاند دەکات سەردانیان بکەن

سەرۆکی لێژنەی دەستپاکیی لە پەرلەمانی کوردستان داوا لە خاوەن پشکەکانی پڕۆژەی گەشتیاریی (چاڤیلاند) دەکات، سەردانی لێژنەکەیان بکەن و ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان "تا ئاستی دادگاییکردنی شاسوار عەبدولواحید دەڕۆن."پاش ئەوەی دوێنێ سێشەممە 10ی12ی2019 نەژاد ڕەشید کە یەکێکە لە نوێنەرانی خاوەن پشکەکانی چاڤیلاند، ڕاگەیاندبوو ، شاسوار عەبدولواحید زیاتر لە حەوت ساڵە پارەی 10 هەزار خاوەن پشک دەخوات، چەند سەڵیکیشە خاوەن پشکەکان داوای وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام کەس پشتیوانییان لێ ناکات.

سەعید هەرکی، سەرۆکی لێژنەی دەستپاکیی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: داواکارین لە خاوەن پشکەکانی چاڤیلاند، بەمەبەستی گەیاندنی سکاڵاکانیان لەبارەی پڕۆژەکە، سەردانی لێژنەی دەستپاکی بکەن. ڕوونیشی کردەوە کە ئەگەر سەردانیان بکرێت، دۆسیەیەکیان بۆ دەکرێتەوە و هاوکاری دەکرێن تاوەکوو لە ڕێگەی دادگاوە مافەکانیان یەکلا بکرێتەوە، چونکە "ناکرێت مافی خەڵکی بخورێت.

دووپاتیشی کردەوە: تاوەکوو ڕاپێچکردنی شاسوار عەبدولواحید بۆ بەردەم دادگا، لەسەر کارەکانیان لەم کەیسە بەردەوام دەبن.

جێی باسە زیاتر لە 10هەزار کەس لە هەرێمی کوردستاندا پێشتر لە ڕێگەی ئەو بانگەشانەی شاسوار عەبدولواحید لە کەناڵەکانی سەربەخۆیەوە دەیکرد، پشکیان لە چاڤیلاند کڕیوە، بەڵام زیاتر لە حەوت ساڵە مافەکانیان پێنەدراوە.



داودئۆغلو ڕۆژی هەینی پارتەکەی ڕادەگەیەنێت و دژی سیستەمی سەرۆکایەتیشە

ڕۆژنامەنووسێکی نزیکی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، لەبارەی ڕاگەیاندنی پارتە تازەکەی ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا زانیاری تازەی ئاشکرا کرد و دەڵێت ڕۆژی هەینی پارتەکەی ڕادەگەیەنێت و دژی سیستەمی سەرۆکایەتیشە.

عەبدولقادر سەلفی ڕۆژنامەنووسی زۆر نزیک لە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی نووسیویەتی، ڕێکەوتی 13ی12ی2019 ئەحمەد داودئۆغلو پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت. سەلفی دەشڵێت لۆگۆی پارت و ناوی پارت و پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتەکەیان ئامادەیە و ڕایدەگەیەنن، هەروەها لە پڕۆگرامی پارتە تازەکەی داودئۆغلودا هاتووە، کە پێویستە بەربەستی هەڵبژاردن لە تورکیا نەمێنێت کە 10، هەروەها داودئۆغلو دژی سیستەمی سەرۆکایەتییە لە تورکیا و، داوا دەکات لە تورکیا سیستەمی پەرلەمانی بهێژ بکرێت.

هەر بە گوێرەی گوتەی سەلفی، عەلی باباجانیش هەوڵەکانی بۆ ڕاگەیاندنی پارت چڕ کردووەتەوە و، لە 2 ڕۆژی ڕابردوو بە بەشداریی 300 کەس کۆبوونەوەیەکی گەورەی لە ئیستەنبوڵ ئەنجام داوە و گفتوگۆیان لەبارەی ناوی پارت و لۆگۆی پارتەکەیان کردووە و گەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

لە ماوەی 3ڕۆژی ڕابردوودا، نێوانی ئەحمەد داودئۆغلو و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەوپەڕی خراپیدا بووە، ئەویش بەهۆی ئەو تۆمەتانەی دەیدەنە پاڵ یەکتری و، هەروەها لەڕێگەی میدیاکانەوە یەکتری بە گەندەڵ ناو دەبەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەو دوو کەسایەتییە لە یەک پارت بوونە و بە یەکەوە چوونەتە ناو دوو هەڵبژاردنی پەلەمانی و داودئۆغلو سەرۆک وەزیران بووە و ئەردۆغانیش سەرکۆمار.

ئێران لە ماوەی 11 مانگدا 46 هاووڵاتیی کوردی لەسێدارە داوە

بەپێی داتاکان لە سەرەتای ساڵی 2019ـەوە تاکو ئێستا دەزگای دادوەریی ئێران 46 هاووڵاتیی کوردی لەسێدارە داوە. بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە سەرەتای ئەمساڵەوە ، لانیکەم 46 هاووڵاتیی کورد لەسێدارە دراون، زیاتر لە سێ هەزار کەس دەستبەسەر کراون، 234 کۆڵبەر و کاسبکار کوژراون و بریندار بوون و 143 هاووڵاتیی کوردیش لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی سێدارە، بەندکردن و لیدانی قامچییان بەسەردا سەپاوە.

لەو 46 هاووڵاتیی کوردەی لە بەندیخانەکانی ئێران لەسێدارە دراون 19 کەسیان خەڵکی پارێزگای ورمێ، 7 هاووڵاتی خەڵکی پارێزگای ئیلام، 7هاووڵاتی خەڵکی پارێزگای سنە، 6هاووڵاتی خەڵکی پارێزگای کرماشان، 4 هاووڵاتی خەڵکی پارێزگای لوڕستان و 3 هاووڵاتییش خەڵکی پارێزگای خوراسانی باکوور بوون.

هاوکات، 41 بەندکراو بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست و 5بەندکراو بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی سڕکەرەکان حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە و حوکمەکەیان جێبەجێ کراوە. چوار ژن و دوو منداڵ لە ڕێزی ئەو کەسانەدان کە لەسێدارە دراون.

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی ڕێکخراوی هەنگاو، لە ماوەی 11 مانگی ڕابردوودا زیاتر لە سێ هەزار هاووڵاتیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە تەنیا ناسنامەی 705 کەسیان ئاشکرا بووە.

بەپێی هەمان سەرچاوە، لە کۆی ئەو کەسانەی دەستبەسەر کراون و ناسنامەیان دیارە، 615 کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و پەیوەندی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان، 32 کەسیان بە تۆمەتی چالاکی مەدەنی، 22 کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی مەزهەبی و 19 کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی کرێکاری دەستبەسەر کراون.

هاوکات پێنج کۆڵبەر و 12 هاووڵاتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنی و سەربازییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. لە کۆی ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر کراون، 26 کەسیان خوێندکار، مامۆستای قوتابخانە و زانکۆ و پارێزەر، 32 کەسیان ژن و 17کەسیان منداڵ بوون.

کونسوڵی ڕووسیای فیدراڵ و پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، پەیوەندییەکانی هەولێر و مۆسکۆ و بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستانیان تاوتوێ کرد



ئۆلێگ ڤلادیمیرۆڤیچ لێڤین کونسوڵی گشتیی ڕووسیای فیدراڵ سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب پێشوازی کرا. سیوەیلی سوپاس و پێزانینی گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی پارتی ئاراستەی سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوە و خەڵکی ڕووسیا کرد و ڕایگەیاند: مێژووی پەیوەندییەکانیانی ڕووسیا و گەلی کوردستان بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە و چەندین قۆناغی بڕیوە تاکو بە ئێستا گەیشتووە. لەمیانەی ئەو دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی باسی لە ڕەوشی ئێستای عێراق بۆ شاندی میوان کرد و ڕایگەیاند: ئێمە نیگەرانین لە شیوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران و پاڵپشتی تەواو لە داواکارییەکانیان دەکەین و بە ڕەوا و شەرعیان دەزانین. دانیشتووانی عێراقیش تەواو بێ ئومێدبوون لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی کە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیاریێتیی حکوومەتی فیدراڵیان لە ئەستۆ بووە.

تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و سیوەیلی جەختی لە هەڵوێستی ئەرمینیا دروستکراوە کە لە پەرستگەی لالش گەورەترە و گوتیشی من دایکم بە ڕەچەڵەک کوردە.

لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باڵیۆزەکەی ئەرمینیا گوتیشی: ئێمە کونسوڵخانەمان لە هەولێر هەیە و کونسوڵمان ڕاسپاردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گوتیشی خۆشحاڵم کە خەڵکی کوردستان هاوسۆزن لەگەڵ ئەرمەنەکان.

جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە نیگەرانن لە بارودۆخی ڕۆژئاوا و هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر ناوچەکان و ئاوارەبوونی هەزاران کەس و ئاڵۆزبوونی ئاسایش و تێکچوونی ئارامی ئەمەش کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەمووی دروست دەکات. بەڕێزیان سەرکردایەتیی پارتی داوای لە بەڕێز ڤلادیمیرۆڤیچ لێڤین کە پاڵپشتی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن لە کاتی دانوستان و نووسینی دەستووری سووریا و دانوستانەکانی ئاستانە. کۆنسوڵی گشتیی سوپاسی ئەو دەرفەتەی کرد و ڕایگەیاند: حکوومەتی وڵاتەکەی هەڵوێستیی خۆی دەربارەی مافی گەلی کورد خستووەتەڕوو و هەوڵی تێگەیاندنی ئەو داوایش دەدات بۆ دەستەبەرکردنیان.

باڵیۆزی ئەرمینیا لە عێراق بۆ خەبات:

60 هەزار کورد لە ئەرمینیا دەژین و دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکەین



خەبات -مەریوان نەقشبەندی:
باڵیۆزی وڵاتی ئەرمینیا لە عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی لەسەر گرنگی هەرێمی کوردستان بۆ ئەرمینیا و زەرورەتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە.

ئارمن ئاکۆبیان باڵیۆزی ئەرمینیا لە عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەرمینیا بە بایەخەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ئەولەویاتی دیدار و گفتوگۆکانم بوو لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم و هیوادارم بتوانین گەشتیی ئاسمانی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەولێر و ئەرمینیا ڕێکبخەین و ئالۆگۆڕی گەشتیاران بکەین، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئارمن ئاکۆبیان باڵیۆزی ئەرمینیا لە عێراق گوتی: ئێستا زیاتر لە 60 هەزار کورد لە ئەرمینیا دەژین کە زۆربەیان ئێزیدین و گەورەترین پەرستگەی ئێزیدییەکان لە جیهاندا لە ئەرمینیا دروستکراوە کە لە پەرستگەی لالش گەورەترە و گوتیشی من دایکم بە ڕەچەڵەک کوردە.

لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باڵیۆزەکەی ئەرمینیا گوتیشی: ئێمە کونسوڵخانەمان لە هەولێر هەیە و کونسوڵمان ڕاسپاردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گوتیشی خۆشحاڵم کە خەڵکی کوردستان هاوسۆزن لەگەڵ ئەرمەنەکان.

پەرلەمانتاریێکی کورد: مەرجی کورد بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو جێبەجێکردنی دەستوورە

بووتە عورفێک لە پێکهاتەی شیعەیە، هەرچەندە ئەمە لە دەستوور و یاسادا نەهاتووە، بەڵام پێویستە ڕەزامەندیی لایەنەکانیشی لەسەر بێت ئەو کەسەی دیاری دەکرێت بۆ سەرۆکوەزیران، لەوانەش پێکهاتەی کورد لە عێراق.

ناوی هیچ کەسێک یەکلا نەبووتەوە وەک کاندیدی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق، بە گوێرەی دەستووریش ماوەکەی دیارە، کە پێویستە لە ماوەی 15 ڕۆژدا سەرۆکوەزیران دیاری بکرێت. دەشڵێت: پۆستی سەرۆکوەزیران لە عێراق دەستوورە. محەمەد ئەمین فارس، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی فراکسیۆنی پارتی لە عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان بەردەوامن بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ بۆ عێراق، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک ڕوون نییە.

فارس ڕایگەیاند: ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو لە ڕیزی هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بێت، بەڵام ئەوە بەس نییە، دەبێت لە ڕیزی ئەو هێزانەش بێت کە خاوەنی ڕێژەیەکی دیارن لە پەرلەمانی عێراق، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدرێت کە ڕێژەیەکی کەمی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران.

کوێت: بەم نزیکانە قەیرانی کەنداو دەبێتە ڕابردوو

جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت، خالید جارەڵڵا ڕایگەیاند کە بەم نزیکانە قەیرانی کەنداو دەبێتە ڕابردوو. ئاژانسی هەواڵیی کوێت KUNAبڵاویکردەوە، خالید جارەڵڵا لە میانی چالاکییەکدا لە باڵیۆزخانەی قەتەر لە کوێت، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە کە هەوڵەکان بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان ئەرێنیانەن و بە هەنگاوی جێگیر بەرەوپێشچوون.

جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت، خالید جارەڵڵا باسی لەوە کرد کە ئەو هەنگاوانەی لەبارەی گەیشتن بە چارەسەری ناکۆکییەکان ناوەکەی گەشبینی هێناوەتە ئاراوە و گوتی: بەم نزیکانە ئەو ناکۆکییە، دەبێتە ڕابردوو. لێکدانەوەی ئەوە دەکرێت، لووتکەی سەرکردەکانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو کە دوێنێ سێشەمە لە ریازی پایتەختی سعوودیە دەستی پێکرد، قەیرانەکە کۆتایی پێ بهێنێت.

لە ماوەی ڕابردووشدا، ئاماژەکانی چارەسەرکردن بۆ قەیرانەکەی نێوان قەتەر و ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی، بووتە جێی سەرنج. جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت، ئەحمەد ناسر سوباح پێنجی تشرینی دووەم لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئومێدەوارن لە کاتێکی نزیکدا بگەن بە چارەسەری خوازراو بۆ قەیرانی کەنداو، ئەوەیشی خستەڕوو کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی نێودەنگیری.

هەروەها میری قەتەر، شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی لە پێنجی تشرینی دووەمدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە وڵاتەکەی ئامادەی دیالۆگە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کەنداو. هەروەها شای سعوودیە، شا سەلمان بن عەبدولعەزیز لە سێی کانوونی یەکەمدا، بانگهێشتی میری قەتەر، شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی کردبوو بۆ بەشداریکردن لە لووتکەی سەرکردەکانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو کە لە ریازی پایتەختی سعوودیە سازدەکرێت. جێی باسە لە پێنجی حوزەیرانی 2017دا، سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر سەرجەم پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند و گەمارۆی ئابووریان خستەسەر، ئەوەیش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ناوچەی کەنداو.



هاوپەیمانییەکەی سەدر: عێراق بەرەو خراپترین بارودۆخ دەچێت

پەرلەمانتاریکی هاوپەیمانیی سائیرون کە موقتەدا سەدر ڕێبەرایەتی دەکات ، ڕایدەگەیەنێت کە عێراق بەرەو خراپترین بارودۆخ دەچێت. سەلام شەمەری، پەرلەمانتاری سائیرون لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بارودۆخی ئێستای عێراق وا پێویست دەکات، کە هەنگاوی ڕوون بەرەو پاراستنی ئاسایش بنرێت.
سەلام شەمەری پێی وایە دیاردەی کوشتن ورفاندنی هاووڵاتیان و چالاکوانان دیاردەیەکی مەترسیدارە و زەنگێکی ئاگادارکەرەوەیە بۆ بەرەو خراپتر چوونی بارودۆخی عێراق. ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی هەن، کە نایانەوێ بارودۆخی عێراق هێور بێتەوە و داوای لە لایەنە ئەمنییەکان کردووە "بە دەستێکی پۆڵایین لەو لایەنانە بدەن."



مافی مرۆڤ: کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم زۆر ڕازین

گوتەبێژی دەستەی گشتیی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان گوتی، ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر باشی ناوە، بە جۆرێک کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زۆر لە ڕەوشی مافی مرۆڤ ڕازین. محەمەد گۆمەشینی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوێنێ ساڵڕۆژی مافەکانی مرۆڤ بوو و یەکێک لە دەستکەوتەکانیش لە هەرێمی کوردستان، بوونی کۆمیسیۆنێکە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک تێبینی لەبارەی ڕەوشی ژنان و منداڵانەوە هەیە، بەڵام هەنگاوی باش نراون و چەندین یاسا دەرکراون، کە گەڕەنتیی مافی مرۆڤن بە ئاراستەی گەشەپێدانی سەرجەم سێکتەرەکان، حکوومەتیش هەوڵی داوە ڕەوشی مافی مرۆڤ باشتر بکات لە هەموو ڕوویەکەوە و تا ئێستاش چەندین بڕیار و ڕێنمایی دەرکراون، بۆ ئەوەی دۆخی مافی مرۆڤ چاکتر بێت.
گۆمەشینی گوتیشی: لە ساڵی 2008ەوە حکوومەت کار بە یاسای لەسێدارەدانی عێراق ناکات، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گرنگییەوە لە مافی مرۆڤ لە هەرێم بڕوانن.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

www.xebat.net

ساڵی شەشەم 2019/12/10 ژمارە (5889)

خەبات

سوپای عێراق: بەڵێن دەدەین گیانی خۆپیشاندەران بپارێزین



سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریقی ڕوکن عوسمان غانمی بەبۆنەی دووەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر داعش، بەڵێنی دا گیانی خۆپیشاندەران بپارێزێت.

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گوتەیەکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، بوونی هێزەکانی سوپا ئامانج لێی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرانە تا ئەو جێبەجێ دەکرێت. عوسمان غانمی گوتی: لە هەموو بۆنە و یادەکاندا دەبینین، هاووڵاتیان ستایشی ڕۆڵی سوپا دەکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕووداو و بەرەنگاربیانەی کە ووڵات ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، جگە لەوەیش سوپا، هێزێکی گرنگە بۆ پاراستنی نیشتمان و بەرگری دەکات لە یەکپارچەیی خاکی وڵات.

سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریقی ڕوکن عوسمان غانمی گوتیشی: خۆپیشاندانەکان هەمان ئەو وێنە دیار و پڕشنگدارەیە کە سوپا لەمیانی ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان بەدەستیان هێناوە، چونکە دەبێن لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان خۆپیشاندەران کە داوای مافەکانیان دەکەن و براکانیان لە سوپا کە گیانیان دەپارێزن. غانمی بەشێکی گوتەکەی ئاراستەی خۆپیشاندەران کرد و گوتی: باش بزانن کە بوونی سوپا و هێزە ئەمنییەکان، ئامانج لێی پاراستنی گیانی ئێوەیە تا ئەو کاتەی داواکارییە ڕاوەکانتان جێبەجێ دەکرێن.

لە کۆتاییدا، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق گوتی: هەست بە نیگەرانییەکی قوڵ دەکەم بەرامبەر بە کوژرانی ڕۆڵەکانمان لە هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران.

عێراق... بریندارببوونی هەشت خۆپیشاندەر لە بەسرە



سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە لە ئاکامی بەکارهێنانی گوللەی ڕاستەقینە لە لایەن هێزەکانی سوپاوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی پارێزگای بەسرە، هەشت خۆپیشاندەران بریندار ببوون.

سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە: هێزەکانی سوپا گوللەی ڕاستەقینەیان بەکارهێناوە بەرامبەر دەیان خۆپیشاندەر لە ناحیەی ئوم قەسر باشووری پارێزگای بەسرە.

بەگوتەی سەرچاوەکە، سەرەتا سوپایان بەرد باران کردووە و دواتر ژمارەیەک تایەی ئۆتۆمبێلیان سوتاندووە ئەوەش هێزەکانی سوپای ناچارکرد گوللەی ڕاستەقینە بەکاربهێنن کە بەهۆیەوە هەشت خۆپیشاندەر بریندار ببوون. لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەرێک لە پارێزگای دیوانییە بەناوی جەمیل ساعیدی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ڕێگەی نێوان قەزای حەمزە و ناوەندی پارێزگاکەیان داخستووە.

هەروەها جەمیل ساعیدی گوتی: لە شەوی ڕابردووەوە دەیان خۆپیشاندەر ڕێگەی سەرەکی نێوان قەزای حەمزە و ناوەندی پارێزگای دیوانییە-یان داخستووە، ئەویش وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە سەرکوتکردن و کوشتنی خۆپیشاندەران.

پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، نزیکەی 485 کەس کوژراون و 17 هەزاری دیکەیش لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندار ببوون.

عێراق.. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ژمارەیەک ئەفسەر و کارمەندی ئەمنی لە کەربەلا

پارێزگاری کەربەلا، نەسیف خەتابی لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە دۆسیەی کوشتنی چالاکوانی خۆپیشاندانەکان، فاهم تائی لە ناوەڕاستی شارەکە، فەرمانی دا بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک ئەفسەر و کارمەندی ئەمنی. نەسیف خەتابی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە فەرمانی داوە سەرجەم ئەو ئەفسەر و کارمەندە ئەمنییانە دەستگیر بکرێن کە بەرپرسن لە پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیەی کە تاوانی کوشتنی چالاکوانی خۆپیشاندانەکان لە ناوەڕاستی شاری کەربەلا، فاهم تائی تیایدا ئەنجامدراوە.

نەسیف خەتابی جەختیشیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە بەدواداچوون لە لێکۆڵینەوەکاندا دەکات سەبارەت بە کوشتنی فاهم تائی و ژمارەیەک چالاکوانی دیکەی خۆپیشاندانەکان لە کەربەلا و بەڵێنی داوە کە بەزووترین بکۆژرانی ئەو تاوانە ئاشکرا بکات و ڕەوانەی دادگایان بکات بۆ ئەوەی سزای توند بدرێن.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە ناوچەی بارووەی ناوەڕاستی شاری کەربەلا دەستڕێژی گوللەیان لە چالاکوانی خۆپیشاندانەکان، فاهم تائی کرد و کە بەهۆیەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

سعوودیە 48 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجی سەربازیی تەرخانکردووە




حکوومەتی سعوودیە ڕایگەیاند کە 48 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجی سەربازیی تەرخانکردووە کە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا 18ی بوودجەی گشتی ساڵی 2020 ئەمەش بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لەسەدا پێنج کەمترە.

لە بوودجەی گشتی ساڵی 2019دا، حکوومەتی سعوودیە 51 ملیار دۆلاری بۆ خەرجی سەربازیی تەرخانکردبوو.

وەزارەتی دارایی سعوودیە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "کەرتی سەربازیی دوای کەرتی فێرکردن زۆرترین خەرجی لە بوودجەی گشتی ساڵی 2020دا بۆ تەرخانکراوە کە 48ملیار و 500ملیۆن دۆلارە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە بوودجەی گشتی ساڵی 2020دا، 51 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار بۆ کەرتی فێرکردن و 44 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار بۆ کەرتی تەندروستی تەرخانکراوە.



د. ڤیان سلێمان

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
لە شەست و حەوتەمین ساڵەی دامەزراندنیدا

شەست و حەوت ساڵ بەردەوامی بۆ هەر ڕێکخراوێک، جەماوەری بێ یان پیشەیی یاخود سیاسی یان دامەزراو لەسەر هەر بنەمایەک و بۆ هەر تووێژێک؛ ئەزموونێکی دەوڵەمەند و بارگاوییە بە چەندین قۆناغ و ڕەهەند، ئەوەندەش بەردەوامی تەمەن گرنگە، زیاتر لەوە گەشەکردن و نوێبوونەوە و فراوانبوون. بە تایبەت کاتێک ئەو ڕێکخراوە بۆ پرسێک دامەزراوە کە پرسێکی مرۆڤایەتییە و پرسێکیش کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە بێت، هەمیشە بەردەوام دەبێت. چونکە پەردسەندنی هۆشیاری مرۆڤایەتی و خواستی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن بەردەوامە. پرسی ئافرەتیش پرسێکی میژوویی و مرۆڤایەتی، ڕەوا و پیرۆز، لەهەمانکات هەستیار و فرەڕەهەندە. لەخۆگرتن و نوێنەرایەتیکردنی ئەم پرسەش ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێ.

لەمڕۆدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ وەک دێرینترین و پێشەنگترین و پڕخەباتترین ڕێکخراوی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت، مۆمی شەست و حەوت ساڵەی تەمەنی هەڵدەکات. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتا تا ئێستا تەبەنای پرسی ئافرەتی کردووە بەبێ خۆبواردن لە پرسە نەتەوەییەکان و ڕۆڵێکی کاریگەری لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان بینیوە. یەکێتی ئافرەتان لەو میژووە دوورودرێژەی خۆیدا بە هەلومەرج و قۆناخی جیاوازدا تێپەڕیوە. ڕێکخراوێکە لە هەناوی شۆڕش لەدایکبووە بووە، لێرەدا سلاو و درود دەنێرین بۆ گیانی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر، کە لەسەر ڕاسپاردەی ئەو ڕابەرە مەزنە ئەم ڕێکخراوە دامەزرا. لە ئێستاشدا ڕابەری نەتەوەییمان سەرۆک بارزانی ئەوپەڕی پشتیوانی پرسی ئافرەت و ڕێکخراوەکەمانە و مانەوە و بەردەوامی ڕێکخراوەکەمان سەرچاوە لەو پشتیوانییە بەهێز و پڕ وزەیە وەردەگرێت. سلاو بنێرین بۆ ئەو خانمە پێشەنگانەی لەو بارودۆخە سەختەدا نەیانهێشت بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بزاڤێکی تەنها پیاوانەبێ، بەڵکو وایانکرد ئەم بزاڤە مۆرکی ئافرەتی پێوەبێ. ئەم شانازییە دوولایەنە؛ شانازییەک بۆ پارتی و سەرکردەکانی پارتی شانازیەکیش بۆخودی ئافرەت.

لێرەدا دەتوانم بڵێم؛ لە کاری ڕێکخراوەیی خۆیدا لە ئێستادا یەکێتی ئافرەتان بە باشترین ساتەکانیدا تێ دەپەڕێت. پێشکەوتن لەڕووی ڕێکخستن و ژمارەی ئەندام، دامەزراندنی تۆڕێکی ڕاگەیاندن کە خۆی لە کەناڵێکی بیستراو و گۆڤارێکی هزری و مانگانەی پێشکەوتوودا دەبینێتەوە، دابەشکاری بەشەکانی ڕێکخراو و تایبەتمەندبوونی هەر بەشێک بە بواری جیاواز، لەخۆگرتنی چەندین دۆسیە: دۆسیەی خێزانە لێکترازاوەکان، هۆشیاری پێش هاوسەرگیری و تەندروستی ئافرەتان، هەوڵی سەرەکیمان بۆ ئەوە بووە ئافرەت هۆشیار بکەینەوە بە مافەکانی. تواناو دونیابینی ئافرەت لە دارشتنی سیاسەت و بەرێوەبردنی کۆمەڵگە بەشدار بێت. پەردە لەسەر دیاردەی تووندوتیژی خێزانی لابەدین، بەرەنگاری تووندوتیژی و بنەما هزرییەکانی پشت ئەم دیاردەیە کە چڕ دەبنەوە لە بەشێک لە بەها و داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکان، پەروەردەی خێزان، یاسا نافەرمییە نەنوسراوە کۆمەلایەتیەکان و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی ببینەوە. ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی هەوڵەکانمان بۆئەوەی لە ئاست چاوەڕوانی ئافرەتانی کوردستان و ئەو مەبەستەدا بین کە ڕێکخراوەکەی بۆ دامەزراوە.

ئەمڕۆ لە نێوەندە جیاوازەکاندا لێکبەستنەوە و گرێدانێکی بەرچاو لە نێوان یەکێتی ئافرەتان و پرسی ئافرەت هەروەها زۆرترین کارلێک و کاردانەوە لە نێوان یەکێتی ئافرەتان و ئافرەتانی کوردستاندا هەیە. دەستخۆشیمان لێ دەکرێ و ڕەخنەمان لێ دەگیرێ. لێرەولەوێش بەرەی کۆنەخواز و داکۆکیکار لە مانەوەی کۆمەڵگە لە فۆرمی دواکەوتوییدا دژایەتی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەمان دەکەن. بەرەیەک کە چاودێری ناکەن و ئیشیان هەر ڕەخنەگرتنە کارەکانمان نادیدە دەگرن. ئێمە لە هەوڵ و تێکۆشان ناوەستین و بەردەوامی و کۆڵنەدان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی کارکردنی ڕێکخراوەکەمان. هەموو کاتیش بە دیدی ڕەخنەگرانە چاودێری کارەکانمان دەکەین، بە مەبەستی لانەدان و دوورنەکەوتنەوە لە ئامانجەکان.

پێگەی ڕێکخراوەکەمان ئەرکمان قورستر دەکا و توانای زیاتری لێمان دەوێ، نەک تەنها بۆ مانەوە لەم پێگەیەدا، بەڵکو بۆ زیاتر پێشکەوتن. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوێکی خاوەن پەیام و بە پرەنسیبە و لە ڕوانگەی زانستی خوێندنەوەی بۆ پرسی ئافرەت لە کوردستان هەیە و پرۆژە و بەرنامەی هەمەلایەنی هەیە بۆ بەردەوپێشبردنی ئەم پرسە. هەوڵی سەرەکیشمان بۆئەوەیە، کە پرسی ئافرەت بکەین بە پرسی ڕای گشتی کۆمەڵگە و نوێنەرێکی ڕاستەقینە و دەمڕاستی ئافرەتانی کوردستان بین. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە یەکێتی ئافرەتان هەموو کات لە پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوەدا بێت و بە میکانیزمی گونجاو چالاکیی و پرۆژەکانی ئەنجام بدات و لە ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتن و فراوانبوونی پێگەکەی بکۆڵێتەوە، بەردەوام کادرانی خۆی زانیار بکات بە مافەکانی ئافرەت و ئامانجی ڕێکخراو، بەو پێیەش هەمیشە ڕێکخراوی جێ متمانە و دڵخوازی ئافرەتانی کوردستان بێت بە بێ جیاوازی.

بەرلین.. مەراسیمی یەک ساڵەی کۆچی دوایی رۆشنبیر و نووسەری کورد جەمال نەبەز بەڕێوەچوو



ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

ساڵێک بەر ئێستا کەسایەتییەکی ناوداری بزووتنەوەی کورد و مافناسێکی لە ژیان و میللەتەکەی کرد کە ژیانناوایی ئەو زانا و نووسەرە ناوداری کورد خەسارەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو. پڕۆفیسۆر جەمال نەبەز لە 9:10ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە 2018/12/8 لە تەمەنی 85ساڵیدا لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بۆ دواینجار مالئاوایی لە ژیان کرد و هەر لە هەمان مانگیشدا لە مەراسیمێکی پڕشکۆدا و لە پێشوازییەکی گەرم وێنەدا تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە گەڕێندرایەوە بۆ شاری هەولێری پایتەخت و لە ڕۆژی 22ی دیسەمبەری 2018 لە گردی شێخ مارفی شاری سلێمانی بە خاکی کوردستان سپێردرا.

هەر بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری یەکساڵەی کۆچی دوایی جەمال نەبەز لە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکدا بۆ یادکردنەوەی کۆچی دوایی ئەم پیاوە، لەلایەن هاوژین و هاوبیران و چەند دۆست و ناسیاوێکی زۆری کۆچکردوو و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاویش لە ڕەوەندی کوردی دانیشتووی بەرلین و شارەکانی تری ئەڵمانیا و چەندان کەسایەتیی ناسراوی ئەڵمانی دۆست و نزیک لە مامۆستا مەراسیمێک بۆ یادی مامۆستا جەمال نەبەز بەڕێوەچوو، کە سەرەتای مەراسیمەکە لەلایەن حوسەین تاشان و هۆشەنگ سەبری و هەنەلۆزە کویشلەر دەستپێکرد و ئاماژە بە پڕۆگرام و بارودۆخی هەنووکەیی ئالۆزیی کوردستان کرا و پاشان وتاری دکتۆر حەسەن حەمە عەلی و هاوڕێکانی لەلایەن هەلۆ گوتی: مامۆستای گەورە جارێکیان بۆی گێڕامەوە کە چۆن و چ شەڕێکی سەختی بۆ وتنی وانە بە زمانی کوردی کردووە، بۆیە کاتێک لەبەر دەسەلاتی داگیرکەر بە فەرمیی دەرفەتی هێنانەدی ئەم ئامانجەی نابێت، ئیدی بڕیار دەدات بۆ خۆی دەستبەکاربێت و پڕۆگرام بە کوردی بۆ قوتابیان ئامادە بکات، لەپێناوی هێنانەدی ئەم ئامانجەیدا، گوتیشی ساتێ سەرگەرمی ئەم تێکۆشانە بووم و تەماشام کرد چ سەرچاوەیەکیش نییە وەک کەرەسە لەبەردەست قوتابیاندا بێت تا سوودی لێ وەربگرن بۆ فێربوون و خوێندن، لەم ڕووەوە خۆم تەرخانکرد بۆ ئامادەکردنی نووسینێک و ئەوە بوو زۆربەی کات و وزەی خۆم تەرخانکرد تا نووسین و کەرەسەی فێربوون بۆ قوتابیان ئامادە بکەم و هەوڵی زۆرمدا تا لە دەرەوەی بەرزنجەیی بە زمانی کوردی و ئەڵمانی خوێندرایەوە و دواتر وتاری د. ەنەلۆزە و مامۆستا جەمال خەزنەدار و دیتەر گراهامەر بە ئەڵمانی پێشکەشکاران و لەلایەن نووسەر و ڕووناکبیر هەلۆ بەرزنجەیی وەریگێڕرایە سەر زمانی کوردی و پاشان وتاری هاوبیر عەبدوڵلا چوارتایی و قەسیدەیەکی شاکاری لەلایەن دکتۆر ئەکرەم خامۆش و وتاری چەندانێکی دیکەش پێشکەشکران، ساوکات ناوبەناو پارچە میوزیکی خەمناک و هەستبزوێن و بەجۆش، لەلایەن گرووپی میوزیکی کۆبۆوە پێشکەشکران.

لەمیانەی ئەم بیرەوەرییەشدا هەلۆ بەرزنجەیی نووسەر و ڕووناکبیری کورد یادەوەرییەکی مامۆستا جەمال نەبەزی گێڕایەوە بەهۆی ئەوەی هەمیشە لە نزیکی یەکبوونەو، کاتی فەرمی وانە وتنەوە بێ بەرانبەر بە کوردی بەقوتابیان بڵێمەوە، ئەوە بوو ڕۆژێکیان هاتمەوە مالەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم و دەستمکرد بە نووسین و ئێوارە داهات دایکم چەندجارێ بانگی کردم کە بچمە سەرخوانە ئامادەکراوەکە و خواردن بخۆم لەگەڵیاندا، بەڵام هەر نەچووم بەدەنگ بانگکردنەکەی دایکم و خوشکمەوە، دایکم کۆڵی نەدا و چەندجارێ هاواری لێ کردم، بەڵام من دەستم لە نووسین هەڵنەگرت، ئەوەبوو دایکم ناچار بوو خواردنەکەی بۆ هێنامە ژوورەکەی خۆم، مامۆستا گوتیشی لەگەڵ ئەوەشدا من هەردەستم لە کاری نووسین هەڵنەگرت، دوای ماوەیەک دیسان دایکم خۆی کرد بەژووردا و من سەرم لەسەر نووسین بەرزنەکردەوە و کاتێک بینی دەستم بۆ خواردنەکە نەبردووە، داوای لێ کردم نانەکەم بخۆم، هەرکە سەرێکم لەقاند و وەڵامم نەدایەوە، گوتی دایکم پێی گوتم کوڕم تۆ واخۆت کوێر و بەرسی کردووە کەس پێی نازانێت! دە واز بهێنە، مامۆستا گوتی بەڵێ کات بەمجۆرە تێپەڕی تا بەشی وەرزی خوێندنی ساڵێکم ئامادە نەکرد، دەستم لە کارەکەم بەرنەدا، کاتێ تەماشای دەمژمێرم کرد دەوری 8-9سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی بوو.

دواتر مەراسیمەکە بەڕێزگرتن لە ماندووبوون و هەوڵەکانی جەمال نەبەز کۆتایی هات.



شلۆمۆ ئەمار: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دەوێت

سەرۆکی پێشووی هاخامەکانی سەفارادی ئیسرائیل، شلۆمۆ ئەمار ڕایگەیاند کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتییان دەوێت لەگەڵ ئیسرائیل. تەلەڤزیۆنی کەناڵ 12ی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە کە شلۆمۆ ئەمار بەشداری کردووە لە کۆنفرانسەکەی مەنامە'ی پایتەختی بەحرێن کە پیاوانی ئایینی کوێتی، لوبنانی، میسری و ئوردنیش تیایدا ئامادە بوون. لە میانی کۆنفرانسەکەدا ئامار و پیاوانی ئایینی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ شای بەحرێن، حەمەد بن عیسا ئالخەلیفە کۆبووەتەوە.

ئەمار لە میانی کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاندووە: گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتییان دەوێت لەگەڵ ئیسرائیل. سەرکردەکانی ئەو وڵاتانەش بێ ترسان پێویستە پشتگیری لەمە بکەن. ناوبراو هیوای خواستووە هاووڵاتیانی ئیسرائیل سەردانی بەحرێن و هاووڵاتیانی بەحرێن'یش سەردانی ئیسرائیل بکەن و داوای لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە هان بدرێن بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیل.

هەر بەپێی هەواڵی ئەم کەناڵە ئیسرائیلییە شای بەحرێن بن عیسا لە کۆنفرانسەکەدا ئاماژەی بەوە داوە داهاتووی ئاشتی لە قودس زەمینە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئیسرائیل. تا ئێستا حکوومەتی بەحرێن لەمبارەیەوە لێدوانی نەداوە. جگە لە ئوردن و میسر، ئیدارەی تەلئەبیب هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماتی فەرمی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی نییە .



کۆماری چیک.. ڕووداوێکی تەقەکردن هەشت قوربانی لێکەوتەوە

لە ئاکامی ڕووداوێکی تەقەکردن لەناو نەخۆشخانەیەکی شاری ئۆستراڤا ڕۆژهەڵاتی کۆماری چیک، بەپێی ئاماژە بەراییەکان شەش کەس کوژراون و دووی دیکەش بەسەختی بریندارببوون. ڕادیۆی چیک بڵاویکردەوە کە لە شاری ئۆستراڤا چەکدارێکی نەناسراو لەناو نەخۆشخانەیەکی شارەکە تەقەی کردووە. لە کاتێکدا ڕادیۆی چیک ئاماژەی بەوە داوە کە ژمارەی کوژراوان چوار کەس بوون، وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە کوژرانی دوو کەسی دیکەی ڕاگەیاند، بەمەیش ژمارەی کوژراوان بوو بە شەش کەس. هاوکات باس لەوە کراوە کە لەو ڕووداوەدا دوو کەس بە سەختی بریندارببوون و چەکدارەکەش هەڵاتووە و لێکۆڵینەوەی بەرفراوان بۆ دەستگیرکردنی چەکدارەکە دەستپێکردووە.

فەڕەنسا.. بە تۆمەتی شوشتنەوەی پارە، ڕفعەت ئەسەد مامی بەشار ئەسەد دادگایی دەکرێت

بە تۆمەتی شوشتنەوەی پارە، ڕفعەت ئەسەد مامی سەرۆکی ڕژێمی سووریا، بەشار ئەسەد لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا، دادگایی دەکرێت. ڕفعەت ئەسەدی تەمەن 82 ساڵان کە پشتر جێگری سەرکۆماری سوریا بوو، بە دروستکردنی کۆمپانیای زەبەلاحی خانووبەرە بە پارەی دەوڵەت کە بە شێوەیەکی نایاسایی بەکاربهێناون، تۆمەتبار کراوە.

لایەنە پەیوەندیدارەکانی فەڕەنسا لە ساڵی 2014ەوە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە لە سەر کۆمپانیایەکی خانووبەرەی سەر بە ڕفعەت ئەسەد.



ئەو لایەنانە ڕایانگەیاندووە کە لە پاش بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکان، بڕیاری دادگاییکردنی ڕفعەت ئەسەدیان داوە. لەلای خۆیەوە ڕفعەت ئەسەد ئەو تۆمەتانەی بەتەواوی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە بە هۆی تەندروستییەوە ناتوانێت ئامادەی دادگاییکردنەکە بێت.

جێی باسە لە پاش هەوڵی کودەتای ساڵی 1980 ڕفعەت ئەسەد لە سووریا دوورخرایەوە و لەوکاتەوە لە ئەوروپا نیشتەجێیە.

ئەمەریکا داوا دەکات ئەنجوومەنی ئاسایش لەبارەی کۆریای باکوور کۆببێتەوە

بەڕێسی باڵای کۆریای باکوور تڕەمپ بە "پیاوی پیری بێ ئارام، بێ پەروا و نا هاوسەنگ" ناوزەند دەکات



بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی کۆریای باکوور، ئەمەریکا داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات کە دانوستانەکانی نێوان واشنتۆن و پیۆنگ گیانگ ڕاوەستاوە و لێدوانی هەردوولا کە بووتە زیادکردنی گرژییەکان.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ لە هەژماری خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند بوو "کیم جۆنگ ئون زۆر زیرەکە، بەڵام ئەگەر دوژمنکارانە هەڵسوکەوت بکات ئەوا لە ڕاستیدا زۆر شت هەیە لەدەستی بدات. لەبەرئەوە ناخوازێت پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا بخاتە مەترسییەوە. دەستبەجێ کۆریای باکوور وەڵامی توێتەکەی دۆنالد تڕەمپی دایەوە و دانوستانکاری پێشووی کۆریای باکوور و بەڕێسی باڵای ئەو وڵاتە، کیم یۆنگ جۆل ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بەهۆی لەدەستەدانی شتێک مل بۆ گوشاری ئەمەریکا کەچ ناکات و تڕەمپی بە "پیاوی پیری بێ ئارام، بێ پەروا و نا هاوسەنگ" ناوزەندکرد.

نوێنەری هەمیشەیی کۆریای باکوور لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کیم سۆنگ ئامادەی بەوە کردبوو کە دامالێنی چەکی ئەتۆمی بەشێک نییە لە دانوستانەکان. ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، پۆڵەندا و بەلجیکا هەروەها ئیستۆنیا کە ساڵی داهاتوو دەبێتە ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجوومەنەکە هەفتەی ڕابردوو سەپێندراوە.

کۆریای باکوور لە مانگی ئایاری ڕابردووەوە تا ئێستا 13تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستی ئەنجامداوە و ئیدانەی "کردە ئیفتیزازیەکان"ی حکوومەتی پیۆنگ گیانگ-یان کرد.

جێی باسە بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە، کۆریای باکوور لە ساڵی 2006ەوە لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە سزای ئابووری و سەربازیی بەسەردا سەپێندراوە.

ئەحمەد کانی لە ئامادەیی ئاراسی کچان: سوپاسی خۆڕاگری ئێوەو تەواوی مامۆستایان دەکەین



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردانی کردنی ئامادەیی ئاراسی کچان،سوپاسی خۆڕاگری مامۆستایانی کرد لە ڕۆژانی سەختی قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئاراس، سەردانی ئامادەیی ئاراسی کچانی کرد و لەلایەن بەرێوەبەر و مامۆستایانەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو سەردانەدا بەرپرسی لقی دوو پاش ئەوەی سوپاسی هەڵوێستی مامۆستایانی کرد کە لە ڕۆژانی سەختی ئابووری و دارایی کوردستان خۆڕاگر بوون و نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بوەستێ هاوکات پالپشتی خۆی بۆ سێکتەری پەروەردەو کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ بەردو پێشەوەبردنی زیاتری سێکتەری پەروەردەو ئەوانیش پشتیوانی لە سەرخستنی ئەو بەرنامەیە دەکەن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیشیدا ئەحمەد کانی ستایشی بەرێوەبەر و مامۆستایانی ئامادەیی ئاراسی کچانی کرد کە هەمیشە پەروەردەی هاوتا کردووە لەگەڵ فێرکردن و بەوەش بە کردەیی قوتابخانەکەی کردۆتە نمونەیی و ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی دروستکردووە،ئومێدی کرد قوتابیەکانی وەک چۆن لە خوێندن زیرەکن، لە هونەر و ئەدەب و وەرزش و لایەنەکانی دیکەش زیرەک بن،بە بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو سەرپەرشتیاری پەروەردەی هەولێرو بەرێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان و قوتابیانی سنوورەکە لەقوتابخانەی شەهید ئەسکەندەری بنەڕەتی کچان چالاکی سەرجەم قوتابخانەکانی مامۆستایانیشی گوت: ئێمە هاتووین پشتیوانی لە ئێوە بکەین و دەستخۆشی گەرمتان لێ بکەین لە بەرامبەر ئەو ئاستە باشە زانستی و پەروەردەییەی نیشانتان داوە.

زاخو... نقیسنگەها پاسپورتان هاتە ڤەکرن
وەزیرێ ناڤخو ل نێزیک دێ ڕێڤەبەریا نیشینگەهێ ل زاخو دێتە ڤەکرن



خەبات/زاخو: بئامادەبونا ریبەر ئەحمەد وەزیرێ ناڤخو و فەرهاد ئەتروشی پارێزگاریّ دهوک و د. عەلی تەتەر ئەندامێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ هەشت ل زاخو وهەژمارەکا بەرپرسێن دەڤەرێ، نڤیسینگەها پاسپورتان ل زاخو هاتە ڤەکرن. وەزیرێ ناڤخو ریبەر ئەحمەد دکونگرەیەکی روژنامەڤانی دا راگەهاند بنگەهێ پاسپورتان ل زاخو هاتە ڤەکرن پشتی هەمی کاروبارێن وێ دویماهی هاتین، ئەڤە وەک سیاسەتا گشتی یا حوکمەتا هەرێما کوردستانێ و لسەر راسپاردێن سەروکێ حوکمەتێ کاک مەسرور بارزانی کو ئەڤ خزمەتگوزاری یە ب هاولاتیێن قەزایا بێنە ڤەگوهاستن.

دیارکر بەری نوکە ژلایێ خزمەگوزارێن پولیسێن هاتنو چونێ ڤە مە یا ل زاخو دەسپێکری و ئەڤرو مە نڤیسینگەها پاسپورتێن زاخو ڤەکر ، و نوکە ئەز مزگینیێ ددەمە خەلکێ زاخو کو ل نێزیکترین دەم ڕێڤەبەریا نیشنگەها زاخو ڤەکەین ژبەر زاخو قەزایەکا سنوری یە هاتنوچونەکا زور یا ل سەر و پێویستە نیشینگەهە لێ هەبیت ژبو خزمەتکرنا خەلکێ.

ژلایی خوڤە پارێزگاریّ دهوک فەرهاد ئەتروشی دیارکر کو ڤەکرنا نڤیسینگەها پاسپورتان ل زاخو خزمەتگوزاریە کا گشتی یە دێ بارسڤکی یەکا مەزن بو خەلکێ زاخو پەیداکەت وهەروسا دی قەرەبالغیێ ژی ل سەر سەنتەری پارێوگەها دهوک دێ سڤک کەت و ئاماژەکر کو دگەل مە ئەنجومەنێ وەزیران و وەزارەتا ناڤخو ژی بەحسکریە کو هندەک ڕێڤەبەرێن دی ژی ل زاخو بێنە ڤەکرن ژبو پتر خزمەتکرنا دەڤەرێ.

بەرپرسی لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی پەروەردەیی



بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو سەرپەرشتیاری پەروەردەی هەولێرو بەرێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان و قوتابیانی سنوورەکە لەقوتابخانەی شەهید ئەسکەندەری بنەڕەتی کچان چالاکی سەرجەم قوتابیانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر بەرێوەچوو. دوای دەسپێکی مەراسیمی چالاکی قوتابیانی قوتابخانەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای دەستخۆشی گەرمی لەقوتابیانی بەشداربووی پەخشنامەکەو تەواوی قوتابیانی سنوورەکە سوپاس و پێزانینی خۆیشی ئاراستەی مامۆستایانی سنوورەکە کرد کە بەئەرک و ماندووبوونی ئەوان توانراوە ئەم چالاکییە پڕ بەرهەمە بێتە وجودو ئەمڕۆ قوتابیان بەوپەڕی خۆشحاڵییانەوە توانا و بەهرەکانی خۆیان خستۆتەڕوو بۆیە لەسۆنگەی بەرپرسیارێتیمانەوە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەک کە لەکەرتی پەروەردەو خوێندنا هەبێت.

پێنجەمین بەنداوی گەورەی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت



کارەکانی تایبەت بە تەواوکردنی پێنجەمین گەورەبەندی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی دایە و بەرێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، 11 بەنداوی بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان دەست بە تەواوکردنیان دەکرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 33 ملیار دیناری بۆ تەواوکردنی 11 بەنداوی بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان دابین کردووە. لەو بارەیەشەوە، ئەکرەم ئەحمەد، بەرێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێم ڕەزامەندیی دەربڕیوە لەسەر خەرجکردنی بڕی 33 ملیار دینار بۆ بەنداوە تەواونەکراوەکان، کە ژمارەیان 11 بەندواوە لە تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لەمەودوا دەست بە تەواوکردنیان دەکرێت و ئامادەکاریی تەواویش بۆ دەستپێکردنیان کراوە. بەنداوی دێوانە لە دوای بەنداوی دووکان، دەربەندیخان، دهۆک و ئاوەسپی، پێنجەم گەورەترین بەنداوە لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەم بارانبارینەشەوە بەشی کۆنکرێتیی بەنداوەکە تەواو نەکراوە و لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی بە کارەکانی بەنداوەکە دێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، ئەو بەنداوە سوودێکی زۆری بۆ خەڵکی دەربەندیخان و دەوروبەری دەبێت، هاوکات کەمیی ئاوی ئەو ناوچەیە چارەسەر دەکات و بۆ سامانی گشتی و ژینگەی ئەو ناوچەیە و جووتیارانیش بەسوودە.

پاش ساڵی نوێ لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەڵەبجە دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکرێت

خەبات/عەلی بانیشاری:

سەرۆکی لیژنەی سوتەمەنی پارێزگای هەڵەبجە دەڵێ: تائێستا لە 60% دانیشتووانی سەنتەری هەڵەبجە نەوتیان وەرگرتووە و تا کۆتایی ئەمساڵ تەواوی دانیشتووانی سەنتەری پارێزگاکە نەوت وەردەگرن.

دەشڵێت: بۆ ئەوەی تەواوی دانیشتووانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە بەرمیلێک نەوت وەربگرن، پێویستمان بە 6 ملیۆن لیتر نەوتی سپیی هەیە. لە لێدوانێکیدا ئاوات محەمەد، سەرۆکی لیژنەی سوتەمەنی پارێزگای هەڵەبجە بە خەبات-ی ڕاگەیاند: ڕۆژانە 72 هەزار لیتر نەوت لە بەغداوە دەگاتە پارێزگای هەڵەبجە و هەفتانە دوو ڕۆژ نەوت دابەشدەکرێت.

گوتیشی: هەفتانە 2500-3000خێزان بەرمیلێک نەوت وەردەگرن کە 216 لیترە. ئاماژەی بەوەشدا لە بەرامبەر پێدانی بەرمیلێک نەوتی سپی بڕی 46 هەزار دینار لە هەر خێزانێک وەردەگیرێت. بەوتەی ناوبراو سالّی ڕابردوو تەنها دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکانی سنوری پارێزگا، هەر بۆیە ئەمساڵ لە سەنتەری شاری هەڵەبجەوە دەست بە دابەشکردنی نەوت کراوە. ئاوات محەمەد دەڵێ: نزیکەی 6 هەزار خێزان لە سەنتەری شاری ماون کە نەوت وەربگرن، تا کۆتایی ئەمساڵ تەواوی ئەو خێزانانە نەوت وەردەگرن. سەرۆکی لیژنەی سوتەمەنی پارێزگای هەڵەبجە هەروەها گوتیشی: پاش ساڵی نوێش لە ناوچە شاخاوییەکانەوە دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکەین، ئەگەر نەوت بەشی کرد بێگومان دووبارە دانیشتووانی سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە بەرمیلێک نەوت وەردەگرنەوە. ئەوەشی گوت: بەغدا لە ناردنی نەوتدا وەکو پارێزگایەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هەڵەبجەدا دەکات.



لەهەولێر لەناو مەزرەعەیەک دەست بەسەر جۆرە دەرمانێکی مەترسیدار دەگیرێت

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی:

هێژا ئەنوەر سەرۆکی لیژنەی چاودێری لە کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی ڕووندەکردەوە : لەسەر ڕێگای هەولێر- پیرمام لەناو مەزرەعەیەک دەست بەسەر دوو ئوتومبیلی بارهەڵگری دەرمانی ساختەداگیرا کە لە وڵاتی ئێرانەوە هێنرابووە شاری سلێمانی و لەوێشەوە ڕەوانەی شاری هەولێر کرابوو و دەرمانی چارەسەری شێرپەنجەی تیابووەو دەرمانەکەش ساختە بووە بەپارەیەکی زۆر بە تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە فرۆشراوە و هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. ئەمەو جگە لە دەسبەسەردا گرتنی دەرمانەکە دوو کەسیش دەستگیر کراون. هەروەها ئەو دوو کەسەی کە دەرمانەکەیان فرۆشتووە لیژنەکەیان لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا دەکات بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی لەپشت فرۆشتنی ئەو دەرمانەن. شایانی باسە ئەو دەرمانانەی کە بەناوی چارەسەری شێرپەنجەن بە نزیکەی هەزار دۆلار بە هاووڵاتیان فرۆشراوە بەڵام ئەو دەرمانانە زۆر مەترسیدارن.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یەکەی نیشتەجێکردن بۆ نەوجەوانانی خانەکانی بێ سەرپەرشتان تەرخان دەکات



خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی:

ژمارەیەک یەکەی نیشتە جێبوون بۆ ئەو نەوجەوانانەی کە تەمەنیان دەگاتە 18 ساڵان لە خانەکانی بێ سەرپەرشتان تا ئەو کاتەی کە کاریان دەست دەکەوێت و هاوسەرگیری دەکەن بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر داواکەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی گفتوگۆی تێرو تەسەلمان کرد، بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی:

ئەنفلوانزای بەراز لە کوردستان تۆمار نەکراوە

دوای بڵاوبوونەوە چەندین حاڵەتی ئەنفلوەنزای بەراز لە ئێران، وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی تەندروستیی بۆ خۆپاراستن لەو ڤایرۆسە دەرکردووە و گوتەبێژی وەزارەتەکەش دەڵێ، هیچ حاڵەتێک لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە. دکتۆر محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، ڕایگەیاند: ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی ئەنفلوانزای بەراز لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە و ئێستا ئەو ڤایرۆسە لە کوردستان نییە، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە ئامادەکاریمان هەیە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتی: لە وڵاتی ئێران ژمارەیەک حاڵەتی ئەنفلوانزای بەراز تۆمار کراون، پێشبینی ناکەین ئەوەی لە ئێران بڵاو بووەتەوە، ئێستا هیچ کاریگەری و مەترسییەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەبێت.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/11 ژمارە (5890)

پیسبوونی ژینگە هەڕەشەیە لەسەر تەندروستی و ژیانی مرۆڤ

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین: تاڕادەییەک هەنگاومان ناوە بەرەو خۆشەویستی ژینگەو چاککردنی

هاوواڵاتییەک: هۆکاری پیسبوونی ژینگە نەبوونی هەستی بەرپرسیارەتی و نەپاراستنیەتی لە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر ژیانی مرۆڤ و مەترسییەکانی چین؟ ئەرکی هاوواڵاتی و دەسەاڵات چییە و چۆن دەتواندرێت لەو مەترسیانە بەدوورببن کە ژینگەیەکی پیس ڕووبەڕووی مرۆڤی دەکاتەوە؟ ئایا هاونیشتیمانی دەتوانێت بەشداریێت لە پاراستنی ژینگە و گرنگیدان بەو هۆکارانەی کە ژینگە و کەشوهەوا دەپارێزن؟ لەم ڕاپۆرتەدا وەاڵامی چەند کەسێک دەخوێنینەوە:

حەمە شوان کەریم عەبدوڵاڵا بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین دەڵێت: پێموایە تاڕادەییەک هەنگاومان ناوە بەرەو خۆشەویستی ژینگەو چاککردنی ژینگە، بەاڵم بیرمان نەچێت هەنگاوی گەورەو کاری زۆر گەورەمان لەپێشە کە بەشێکی گرنگی بە سەرۆکایەتی حکوومەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکرێت، کە ئەمەش بودجەو سەرمایەیەکی باشی پێویستە، لەوانە دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین و چارەسەرکردنی ئاوو ئاوەڕۆی شارەکان و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و دوورخستنەوەی کارگەو پرۆژە پیشەسازیەکان لەناو شارو نزیک شوێنەکانی نیشتەجێبوون، ڕێکخستنەوەی تاوەرەکانی گەیاندن و چارەسەری پاشماوە پیشەسازییەکان و....هتد، ئەوەی تر کە پەیوەندی بە هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە، پێویستە کاری باشتری بۆ بکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، ئێستا هەم وەک بەرنامەو یاساو ڕێنمایی پرسی ژینگە لە بابەتە گرنگەکانە، هەم وەک کرداریش دەیبینم پرسی ژینگە بەرەو پێش چووە.

هەروەها حەمە شوان گوتی: پیسبوونی ژینگە بەڕەهایی مەترسییە بۆ سەر ژیان، ئەگەر خاک و ئاو و هەوامان پیس بێت تەنیا مەترسی نابێت بۆ سەر شارێک یان هەرێمێک، بەڵکو مەترسی دەبێت بۆ سەر جیهان بەگشتی و بۆ هەموو گۆی زەوی، بۆیە ئەم بابەتە پرسێکی گشتییەو پێویستی بەکاری هەماهەنگی و هەمەلایەنە هەیە، پێشنیاز دەکەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گرنگی زیاتر بدات بە پرسی ژینگەو چارەسەری گرفتە ژینگەییەکان و گرنگی زیاتر بدات بە دەستەی ژینگەو فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

ئەحمەد عەلی هاوواڵاتییەکی شاری هەولێرەو گوتی: پاراستنی ژینگە بەئەرکی خۆم دەزانم و هەوڵیشم بۆ پاک ڕاگرتنی داوە، سەبارەت بەوەش کە ئایا پاراستنی ژینگە لە ئێستادا لەچ ئاستێکدایە؟

من پێموایە کە ئاستی سەرەتایی تێپەڕاندووە و ئێستا زۆر کەس دەزانێت کە ژینگە چیەو پاراستنی چەند گرنگە، بەاڵم کە دێینە سەر ئەرزی واقیع و بەکردار بیکەین، بەداخەوە لەخوار ئاستی سەرەتاییشەوەیە بەشێوەیەک کە ئەگەر سەردانێکی ناوچە گەشتیاریەکان بکەی بۆت دەردەکەوێت ،کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشە لەپەروەردەبوونی ئەو تاکە لە خێزان و کۆمەڵگە.

ئەحمەد عەلی گوتیشی: پیسبوونی ژینگە مەترسیە بۆ سەر ژیان بەگشتی، هەموو زانستەکانی جیهان باس لەمەترسی پیسبوونی ژینگە دەکەن هۆکاریش نەبوونی هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر ژینگە و نەپاراستنیەتی لە هەموو دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ ، باشترین چارەسەر بۆ پاراستنی ژینگە هەبوونی سەوزایی زۆر و دوورخستنەوەی کارگە مەترسیدارەکان لەناو کۆمەڵگە بەشێوەیەک کە لەشوێنیک بێت پشتێنەیەکی سەوزایی زۆری لەدەوروبەر هەبێت.

هانا هادی یەکێک لە دانیشتووانی شاری هەولێرەو دەڵێت: ژینگە واتا سەرچاوەی خۆراک و هەوا و ژیانی مرۆڤ، واتا شوێنی نیشتەجێبوون، پاراستن و پارێزگاریکردنی ژینگە ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی ئێمەی ئادەمییە، ئەرکە لەسەر هەموو تاکێک و هەموو تەمەنێک لە هەر قۆناغێکی جیاجیای ژیاندا، بە بڕوای من تا ڕادەیەک گرنگی بە پاراستنی ژینگە دراوە و هەوڵی بۆ دەدرێت، بەاڵم. هێشتا نەگەیشتوەتە ئاستی پێویست و چاوەڕوانکراو، هۆکارەکەشی بۆ کەمی ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان دەگەڕێنمەوە.



کانوونی یەکەم ڕۆژی جیهانیی چیاکان

13٪ی دانیشتووانی سەر زەوی لە جیهان لە چیاکان دەژین و 90٪ی دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمن

ڕێژەی 60٪ی ناوچە پارێزراوە سرووشتییەکان بۆ ژینگە و بونەوەران لە ناوچە شاخاوییەکانن

د. ئەنوەر ئەحمەد ئیبراهیم

ساڵانە ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراک سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی چیاکان لەڕێکەوتی 11کانونی یەکەم بە چەندەها چالاکی جۆراوجۆر دەگێڕێت و هەر ساڵێک دروشمی تایبەتی خۆی هەیە ئەم ساڵ 2019لە ژێر دروشمی : (گرنگی چیاکان بۆ ئایندەی گەنجانی گوندەواران).

دیرۆکی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992کاتی بەستنی کونگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ژینگە وگەشەپێدانی بەردەوام ئەمەش ڕووداوێکی دیاربوو لە دێروکی پەرەپێدانی ناوچە شاخەویەکان .

لە ساڵی 2002نەتەوە یەکگرتوەکان بە بڕیاری 57/245دەستنیشانی ڕۆژی 11ی کانونی یەکەمی کرد وەک ڕۆژێکی نێودەوڵەتی و لەساڵی 2003بڕیارەکە پیادەکرا بۆ هاندانی کومەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی ئەم بۆنەیە بۆ گرنگی پێدان بە گەشە پێدانی بەردەوام بۆ چیاکان .

چیاکان گرنگی تایبەیتان هەیە بۆ مرۆڤ، هەروەک ڕێکخراوی کشتوکاڵ وخۆراک سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێکردووە، هەندێک لە میللەتان بەشوێنێکی پیرۆز تەنانەت بە خواوەندی خۆیانی دەزانن و لەکاتی ڕووداوی گرکان لە چیاکان ئەم ڕووداوە بە دەرئەنجامی تووڕەبوونی ڕوحانیەتی شاخ دەزانن!!.. بۆ نەتەوەی کورد چیاکان.. هەمیشە بە دۆستی ڕاستەقینەو وەفاداری کورد دەناسرێت، بۆیە بەردەوام شوێنی مانەوەو حەوانەوەو دووا پەنایە کەهانای بۆ بردووە بەتایبەتی کاتێک ئەم جیهانە بە ڕووی تەنگ و بەرتەسک دەبێتەوە، لەم ڕۆژگارە پڕ لەکێشەو ئاڵۆزەدا .. ئەم وتەیە بۆتە وێردی سەرزاری هەموو کەس کەوا (تەنها چیاکان دۆستی ڕاستەقینەی کوردن).

بۆیە هەمیشە سەنگەری بەرگری و لانەی شۆڕش و بەرخواردن بووەو بەشێوەیەکی گشتی چیاکان ئەم گرنگیانەی هەیە :

1- دابین کردنی خۆراک و خۆشگوزەرانی بۆ چیانشینەکان و دانیشتووانی ناوچەکانی تر .

2- شوێنێکی گرنگە بۆ نیشتەجێبوون بۆیە 13%لە دانیشتووانی سەر زەوی لە جیهان لە ناوچە شاخاوییەکانن وە 90%دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمن.

3- سەرچاوەی 60ژ80% ئاوی سازگارە لە جیهان وە شارەگەورەکانی وەک نیویۆرک ، مەلبۆرن ، نەیرۆبی ، ریۆدی جانیرۆ ، توکیو پشت بە سەرچاوەی ئاوی چیاکان ئەبەستن .

4- سەرچاوەی سەرەکی خۆراک و بەهەمە بەهابەرزەکانە وەک قاوە ، کاکاو ، هەنگوین ، گژوگیای پزیشکی ، بەهارات ، چگە لە پیشەسازی دەست کردنی چیا کەسەرچاوەی ژیانە .

5- ڕێژەی پیشەسازی گەشت وگوزار لەناوچە شاخاویەکان 15-20% ی پیشەسازی گەشت گوزاری جیهانە و هاندەرە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی گەشتیاران بۆ خلیسکانی سەربەفر ، شاخەوانی ، دێدەوانی.. هتد .

6- ڕۆلێکی سەرەکی هەیە بۆ دابینکردنی وزەی نوێ کراوە وەک وزەی کارۆناوی ، وزەی خۆر ، وزەی با ، گاز و پێنچیەکی وزەی کارۆناوی لە جیهان لە ناوچە شاخاویەکان سەرچاوە دەگرێ تەنانەت چەند ولاتێک تاکە سەرچاوەی وزەی کارۆناوییە .

7- سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤە لە جیهان لە (20) جۆر ڕووەک پێکهاتووە شەش لەم خۆراکانە لەناوچە شاخاویەکان سەرچاوەی گرتووە بۆ نمونە گەنمشامی، پەتاتە، جۆ، تەماتە، سێو، کە مرۆڤ ناتوانی دەستەبەرداریان بێت .

8- چیاکان گرنگی کەلتوریان هەیە جگە لە گرنگییە سروشتیەکانی، بۆیە ڕێکخراوی یونسکۆ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیەک لە چیاکانی لە جیهان بە شوێنی کەلتوری تۆمارکردووە ، هەروەها وەک شوێنێکی پارێزراوی سروشتی بۆ بونەوەرەکان بە مەبەستی گەشە پێدانێکی بەردەوام و پاراستنی جۆرەکانی و ڕێژەی 60%لە ناوچە پارێزراوەکانی سروشتی بۆ ژینگە و بونەوەرەکان لە ناوچە شاخاویەکانن .

چیاکان بە شێوەیەکی گشتی لە جیهان و کوردستان بە تایبەتی ڕووبەڕووی زێدەڕۆییەکی زۆر بۆتەوە لەاڵیەن خەڵکەوە جگە لە کارەساتی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران، زێدەڕۆیی لەسەر دارستان و ئاو و خاک و ئاژەڵە کێویەکان، بۆیە پێویستی بە بەرنامەیەکی تایبەت هەیە بۆ هێنانەدی گەشەپێدانێکی بەردەوام ئەمەش لە ڕێگەی:

دارشتنی یاساو ریسای تایبەت بە گەشەپێدانی بەردەوامی ناوچە شاخاویەکان .

2- بە پەسندی دەزانین کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەوانە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، دەستەی ژینگە ، دەستەی گەشت گوزار ، وەزارەتی ڕۆشنبیری .... هتد دەست نیشان ڕۆژێک بکات، یاخود 11ی کانی یەکەم هەموو ساڵێک فیستیڤاڵ و کۆنفراسی تایبەت بە ناوچە شاخاویەکان ئەنجام بدات .

3- ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگە و شاخەوانی دەتوانن ڕۆلی کاریگەریان هەبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی ژینگەپارێزی و خزمەتکردنی دارستانە سروشتیەکان بەهاوکاری و هەماهەنگی کەرتی تایبەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تر .

4- وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بەرنامەو پرۆگرامەکانیان زۆر گرنگە هەمیشە ئاماژە بە گرنگی چیاکان و ژینگەکەی بکرێت.

5- لە ئاستی نێودەوڵەتی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان و بەشداریکردن لە کۆنفراس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە ئەمموون وچالاکی تایبەتیان لەم بارەدا هەیە.

6- تۆژینەوە لەلایەن زانکۆکانی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان وکۆکردنەوەی داتاو زانیاری دەربارەی ناوچە شاخاوییەکان.

7- هەڵەتێکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە ئاستی ناوخۆ جیهانی بۆ گرنگی زیاتر بە ناوچە شاخاویەکان و دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەڕێگەی میدیاکان بە هەموو شێوەکانی.

ڕیکخراوی شەڵاوە بۆ ژینگەپارێزی و گەشەپێدانی بەردەوام

ئافرەتانی تاراوگە یادی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکەن



بەیاننامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە 67 ساڵەی دامەزراندنیدا

لە سەردەمێکدا کە ڕێبازی هیومانیستی لە جیهانی پێشکەوتوو تازە کەوتبووە سەرپێ و بزاڤی ئافرەتان لە هەوڵی بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەریدا بوو، ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دۆخێکدابوو کە هزر و تێڕوانینی باو، دەسەڵاتی پیادەکراو لەسەر بنەمای هزری پیاوسالاری بونیادنرابوون. لەو نێوەندەشدا نەتەوەی کورد بە پێشەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان سەختترین خەباتی ڕزگاری نیشتمانی بەڕێوەدەبرد. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١١/١٢/١٩٥٢ وەک ڕێکخراوێک بۆ لەخۆگرتنی پرسی ئافرەت لە هەر دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە ژێر چەتری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە فەرمانی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد(بارزانی نەمر) دامەزرا. ڕێکخراوی دایک، لە ٦٧ ساڵ ئەزموونی خەباتیدا، بە هزری مرۆڤخوازانە پرسی ئافرەتی لەخۆگرتووە و بە بڕوایەکی تەواو بە پرەنسیبەکانی یەکسانی جیندەری، داکۆکی لەو دۆزە کردووە. ئەم ڕێکخراوە شانازە بە بەشداریکردن لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان. لە خەباتی مەدەنی و دیموکراسیشدا بە کۆششی یەکێتی ئافرەتان و بزاڤی ئافرەتان بە گشتی چەندین دەسکەوتی گرنگی یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی بۆ ئافرەت بەدەستهاتوون. ڕێکخراوەکەمان هەمیشە وەک قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان و سەدان لە کادرانی لە بوارە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵی سەرکردە و پێشەنگ دەبینن. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی ڕەسەن و خاوەن پەیام و پرەنسیب دوور لەهەر دەمارگرژییەک داکۆکی لە پرسی ئافرەت دەکا و دژی هەر چەشنێک توندوتیژی و پەراوێزخستە لەسەر بنەمای ڕەگەز یان هەر بنەمایەکی دیکە بەهەر کەرەستە و میتۆدێک بێت، خواستی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئافرەت سەربەخۆبوونیەتی لە ژیان. بەشداریکردنیەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هاوتای ڕەگەزی بەرامبەر. لە دیدی ڕێکخراوەکەماندا، جیاوازی بایەلۆژی نیوان ئافرەت و پیاو بە شێوەیەکی ناڕەوا و نالۆژیک کراوەتە بنەما بۆ چەوسانەوەی ئافرەت و سنورداركردنی ڕۆڵی و بێبەشکردنی لە دەرفەتەکانی خۆپێگەیاندن. فاکتەرە کولتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانیش پێگەکانی ئەم نابەرابەرییەیان پتەوترکردووە و بنەماکانی هزری پیاوسالارییان بەهێز و گشتگیر کردووە. هەربۆیە، یەکێتی ئافرەتان بە بەرنامە و پلانی هەمەبوار لەسەر بنەمای فیکری و زانستی بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کێشەکانی ئافرەتانی کوردستان، خەباتی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی ئافرەت، لە ڕەگدەرهێنانی ئەو باوەڕ و چەمکە کۆمەڵایەتی و کولتوریانەی لە توانا و پێگەی ئافرەت کەم دەکەنەوە، خاڵی کردنەوەی فەرهەنگی زمانەوانی و سروشتی کۆمەڵایەتی لەو وشە و دەستەواژانەی بارگاوین بە هزری پیاوسالاری، هاوسەنگکردنەوەی کەلێنە جیندەرییەکان لە کۆی بوارەکان، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان لەڕووی دەرفەت و ماف و بەرپرسیاریەتی، کە تێیدا سەروەری تەنها بۆ مرۆڤ بێ، نەوەک ڕەگەز ئاڕاستە دەکات. ڕێکخراوەکەمان پێیوایە، لەبەرئەوەی ئافرەتی کورد هاوبەشی نەتەوەکەی بووە لە چەوسانەوە و جیاکاری لەسەر بنەمای نەژاد و بەشداربووە لە خەباتی بزاڤی نەتەوەیی، بۆیە مافی خۆیەتی سودمەند بێت لەو ئەنجامەی ئەو بزاڤە پێیگەیشتووە. بڕوامان بەوە هەیە، بەبێ ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز پرسی ئافرەت پێشکەوتوو نابێت، هەربۆیە یەکێتی ئافرەتان لە کاتێکدا پشکی سەرەکی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئافرەت بەدەستهاتووە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیرادەی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی و ئەو سەرکردانەی پەروەردەی ئەم ڕێبازەن. لەهەمانکات داوای پشتیوانی زیاتر دەکەین و هەر هزری ئەم قوتابخانەیە و ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاسۆی ڕزگاری ئافرەتانی کوردستان دەزانین. لێرەدا سوپاس و ستایش بۆ سەرۆکی هێژا و ڕابەری نەتەوەییمان سەرۆک (مەسعود بارزانی)کە هەمیشە پشتیوانی ڕێکخراوەکەمانە، شەست و حەوتەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان لە کادر و ئەندامانمان و گشت ئافرەتان پیرۆزبێ. سلاو بۆ ئەو خانمە پێشەنگانەی لە ڕۆژگارە سەختەکاندا درێژەیان بە کاروانی ئەم ڕێکخراوە داوە، سلاوی گەرمی پڕ ڕێز و ڤیان بۆ دایکان و هاوژینی شەهیدان، سەرجەم یەکسانیخوازانی کوردستان.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان 2019/12/11



ساسان دەروێش/ هۆڵەندا

ئۆفیسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوای دامەزراندنی لە 2007و هەنگاونانی بۆ کاری ڕێکخراوی و پرسەکانی ئافرەتانی تاراوگە، وێڕای خەباتکردن بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان، خاوەنی 9 ئەنجومەن لە وڵاتانی جیاوازی ئەورووپا و بوونە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی ئافرەتانی تاراوگە وپێ بە پێی خەباتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەنگاوبنێن. بە بۆنەی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وتەی چەند ئافرەتێک وەردەگرین.

شوعلە ڕەسوڵ، کارگێڕی ئۆفسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەیەوە گوتی: بەدرێژایی مێژوو، ئافرەت ڕۆڵی بەرچاوی خۆی هاوتەریبی پیاوان گێڕاوە. ئافرەتانی بوێر و چالاک توانیویانە بەشداری لە شۆڕشەکان و بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و جوتیاری و کرێکاری بکەن، بێجگە لە ئەرکی دایکایەتی و ماڵداریکردن کەمتەرخەم نەبوون، لە هەمان کاتیشدا مافخوراو زوڵم لێکراویش زۆر بوون. لە نیوەی سەدەی نۆزدەوە بە هۆی هاتنە کایەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەوە و چوونی ئافرەت بۆ قوتابخانە گۆڕانکاری و پێشەوەچوونی بەرچاویان بە خۆیەوە دەبینێ بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی کوردەوارییەوە. لە سەرهەڵدانی سەردەمی عەولەمە و گۆڕانکارییە خێراکانی دونیا و لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانەوە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە باشتر بەرەوپێشچووی ئافرەت. ئەگەر گوزەرێ بکەین بە بوونی توانا و دەسەڵاتی ئافرەتاندا لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی کوردیدا ڕەنگدانەوەی ئەو پێشچوونە بە پراکتیکی بەرجەستە بووە.

نیشتیمان عومەر میراو، ئەندامی ئەنجومەنی دانیمارکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەیەوە دەڵێت: هەموو وڵاتان و کۆمەڵگەکان بۆنەی جوان و مێژوویان هەیە و لە کات وساتی خۆیا یادی ئەکەنەوە. ئێمەی کوردیش زۆر یادی مێژوویی سەربڵندمان هەیە و بۆ هەتاهەتاییە سەربڵندین پێیان، یەکێک لەوانە یادی ڕۆژی یەکێتییەکەمانە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە لە مێژوودا ناسرێتەوە بۆ هەتاهەتاییە شانازی پێوە ئەکەین لەبەر ئەوەی کاتی دروستبوونی ئەم یادە مەزنترین سەرکردە پشتگیری لێکردووین ئەویش باوکی ڕۆحیمان مستەفا بارزانی نەمر بوو، هەزرا ڕەحمەت لە گۆڕی بێت، هەر بەرز و شەکاوە بێت ئالا و یادی ئافرەتان.

سروە عارف بەرزنجی، بەرپرسی ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەیەوە گوتی: سلاو لە گیانی پاکی خوشکە لەیلا و هەموو شەهیدانی یەکێتیەکەمان بێت کە بە خۆیان سەروەریان بۆ ئافرەتی کورد لە مێژوودا تۆمارکرد و پێیان دەڵێین کە ئێوە زیندوون و نامرن و ئێمە تەواوکاری ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر و ئێوەین. بەم بۆنەیەشەوە پەیمان و بەڵێن دووبارە دەکەینەوە کە ئێمەش لە تاراوگە شان بە شانی ئێوە لە ناو کوردستان هەردەم بەردەوام بین لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئاواتی گەلەکەمان و ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد بە گەلانی ڕۆژئاوا و لەهەمان کاتدا ناساندنی ڕۆڵی ئافرەتی کورد و خۆراگری لە خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەییدا بەجیهانی دەرەوە.

ساهیرە سلێمان مەلا، ئەندامی ئەنجومەنی هۆڵەندای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەمبارەیەوە گوتی: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیدا تا بە ئەمڕۆ، پرسی نەتەوایەتی وابەستەی بۆ نیشتیمان لە کارە بنەڕەتییەکانی بووە و گرنگی تەواوی پێداوە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەناوی ژان و ئازاری ئافرەتان لە دایکبووە و هەڵگری خەمەکانیانە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان زمانحاڵ و دەنگ و ڕوخساری سەرجەم ئافرەتانی کوردستانە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بەرگریکردن لە ماف و داخوازییەکانیان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان جێگەی هیوای بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی کوردستانە ئەمیش بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێوان ئافرەتان و بەدواداچوونی مەیدانی بۆ کەیسە جۆراوجۆرەکانی پرسی ئافرەتان و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و بایەخدان بە کاری دەستی ئافرەتان و بردنە پێشی پرسی ئافرەتان لە هەموو بوارەکان.

ئاریان لەتیف مستەفا، بەرپرسی ئەنجومەنی شتوتگارتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەڵمانیا لەمبارەییەوە دەڵێ: سلاوێکی دادوەرانە، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیەکەمان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەر پێشنیاری باوکی ڕۆحیمان بارزانی نەمر لە ساڵی 1952لەوساتەوە بڕیاریدا، ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و یەکسانە لەگەڵ هاوشانی پیاو، بەناوی خۆم و ئەنجومەنەکەمان پیرۆزبایی لە سەرجەم ئافرەتان بە گشتی و ئافرەتانی کورد بەتایبەتی دەکەم. هیوادارم کۆڵنەدەین هەردەم لە خزمەتی خاک و وڵاتدا بین و شان بە شانی برا تێکۆشەرەکانمان ڕۆڵی گرنگ ببینین لە ئاوەدانکردنەوە و ئارامی زیاتری کوردستان و جێگەدەستی ئافرەتی کورد لە توانا‌سازی بەردەوام بێت بۆ ڕەنگدانەوەیان لە ئۆرگانەکانی حزب و دەستەڵات.

منیرە محەمەد ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سویسرای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەمبارەیەوە ڕایوایە: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان تەمەنی 67ساڵە و بێوچان و بێ لادان و دابڕان لەسەر خەباتی نەتەوەیی ومەدەنی خۆی بەردەوامە و مێژویەکی پڕ لە شانازی و سەروەری بۆ خۆی و نیشتیمان تۆمارکردووە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوێکی مەدەنی و سەردەمی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری و خۆڕسک ودیموکراسیە، بە پێی پرینسیبەکانی دادوەری و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی کار و خەبات و چالاکی مەدەنی خۆی دەکات، بەردەوامیش دەبێت لە هەموو بوارەکانی مەدەنیدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئافرەتانی کورد لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاستی وشیاری و چالاکی ڕۆشنبیری و کلتوری بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشچوونی ئافرەتانی کوردستان تا لە ئاستی بڕیاردان و بونیاتنان بۆ گەشەکردنی وڵات و وەگەرخستنیان لە هەموو دام و دەزگا و پۆستە بالاکانی هەرێمی کوردستان تا ڕۆڵ و دەوری گرنگی سەرەکی خۆیان ببینن لە کاروانی پێشکەوتنی کوردستان ئەسپی خۆیان تاودەن.

بوشرا کەمال عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی هۆڵەندای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەمبارەیەوە گوتی: لە یادی بەرز و پیرۆزی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و تەمەنی 67ساڵەی، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان بە تایبەتی دایک و خێزانی شەهیدانی کوردستان دەکەم و سلاو بۆ هەموو ئەو خانمە تێکۆشەرانەی بە درێژایی ڕێڕەوی مێژووی ئەم ڕێکخراوە کاریان کردووە و سوپاس و پێزانین بۆ هەموو هەوڵەکانیان دووپاتدەکەمەوە کە بناغەبوون بۆ ئەمڕۆ وئێمەش بەڵێن و پەیمانیان پێئەدەین کە تەواوکاری هەنگاوەکانی ئەوان بین و ڕۆڵی گرنگ و مێژووی لە خەبات و تێکۆشانی ئافرەتی کورد زیاتر درەوشاوەتر بکەین.

پەیمان بەرزنجی، ئەندامی ئەنجومەنی بەریتانیا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەمبارەیەوە دەڵێت: دەکرێ لێرەوە سوپاسی خاتوو فەزیلە و شوعلە ڕەسول و شوکریە کاوانی و هەموو تەواوی ستافی ئۆفیسی ئەورووپا بکەم بۆ بانگهێشتکردنم بۆ یاد و بیرەوەری 67ساڵەی یەکێتییەکەمان لە هۆڵەندا کە بە گوڵبژێرێک لە هەست و ناخی ئەوینم بۆ شیعر و هۆنینەوەم بۆ دایکی شەهید و خوشکی جگەر سووتاوی برا و باوک و پێشمەرگەی نێو سەنگەر و سەرکردەی بوێر سەرۆک بارزانی و مێژووی نەپچڕاوی ئافرەتی کورد لە قۆناغەکانی بزاڤی نیشتیمانی و نەتەوەییمان وشەیان پێکردم بە جوانییەکانیان و ئاوێتەبوون بە مێژوویان لەگەڵ ئەم ڕێزگرتنەش سوپاسیان دەکەم کە خەڵاتی ڕێزلێنانیان لەگەڵ دەستەیەک لە خوشک و پیاوانی تێکۆشەر و خەمخۆری پرسی ئافرەت بۆ یەکسانی و دادوەری و دەستەبەرکردنی مافەکان ئەو شەرەفەمان پێبەخشرا و ئەرکی قورستر کردین لەخەبات و تێکۆشان سوورتر بین پیرۆزتان بێت یادی پرشکۆیی 67ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان.



یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان ساڵانێكە بە چالاكییەكانی خزمەتی ئافرەتان دەكات



شوعلە ڕسوڵ


نیشتیمان عومەر میراو


سروە عارف بەرزنجی


ساهیرە سلێمان مەلا


ئاریان لەتیف مستەفا


منیرە محەمەد ئەحمەد


بوشرا کەمال عوسمان


پەیمان بەرزنجی



دەستکەوتەکانی شەش مانگی یەکەمی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی

سەردانەکەی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر، بەهێزی پێگەی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی زیاتر دەرخست



هیوا بەرزنجی ـ دڵدار عەبدوڵڵا

ڕۆژی 10ی حوزەیرانی 2019 نێچیرڤان بارزانی لە مەڕاسیمێکی گەورەو بێ وێنەدا لە میژووی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، وەک دووەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خوارد، کە تێیدا سەرکردە کاریگەرەکانی کوردستان و عێراق و چەندین وەزیرو نوێنەرایەتی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان بەشداریان لە مەڕاسیمەکەدا کرد، بەجۆرێک چەپ و ڕاست و دۆست و نەیاری لە یەک هۆڵ کۆکردەوە، بەمەش ویستی بەهەمووان ڕابگەیەنێت کە ئەو دریژەپێدەری کاروانی سەرۆکایەتی پڕ شکۆی سەرۆک بارزانییەو لە پاڵ ئەو ئەزموونەشدا دەیەوێت قۆناغێکی نوێی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دەستپێبکات.

ئەوانەی لە نزیکەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی هەیە دەزانن کە ئەو کەسێکی نەرم و نیانە لەناوخۆ و لە دەرەوەش بەهێز و کاریگەرە، لە سیاسەتیشدا پشوودرێژەو بە دیپلۆماسیەتی خۆی ئیحتیوای کێشەکان دەکات و لە کاتە ناخۆش و ئاڵۆزەکانیشدا دەتوانێت دۆست و نەیار لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوەو بیانگەیەنێت بە یەکتر، لەمڕوانگەشەوە خاوەن ئەزموونە لەسەرووی هەموشیانەوە ئیدارەدانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتنەوەی هەولێر و سلێمانی بوو کە قورسترین کابینەی یەکگرتوو بوو لە دوای شەڕی ناوخۆ.

هاوکات لە ماوەی 18 ساڵی سەرۆک وەزیرانیدا زۆرترین دەستکەوتی لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و تەندروستی ... هتد، هەبووە کە لە وتارێکی پێشوومانداو بە درێژی و بە بۆمان دەردەکەوێت کە:

1. سەردانی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە 23ی تشرینی دووەمی 2019 بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران دەنگدانەوەیەکی میدیایی فراوانی لە ناوخۆ و دەرەوە بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە پێنس ئامادە نەبوو سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی عێراقی کۆنەبۆوە، ئەمەش نیشانەی بەهێزی پێگەی هەرێم و متمانەی ئەمەریکییەکانە بە داتاوە باسمان لەو دەستکەوتانە کرد، هەروەها نێستا کە شەش مانگ واتە (180) ڕۆژ بەسەر دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێپەڕدەبێت، گرنگە هەڵسەنگاندنێکی واقیعی بۆ ئەدای سەرۆکی هەرێم لەو ماوەیەدا بکەین و بەچاوخشاندنەوەیەکی خێراش لە ئەدای بەرپرسیان لەو ماوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە:

1. سەردانی مایک پێنس، جێگری سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتییەکەی.

2. لەو ماوەیەدا زیاتر لە (63) دیدارو چاوپێکەوتنی سیاسی و دیپلۆماسی لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.

3. سێ جاران سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کردووە، بەجۆرێک یەکەم سەردانی دوای تەنیا 10 ڕۆژ بوو لە دەستبەکاربوونی، لە بەغداش بەجیا لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆبۆوە، ئەمەش هەنگاوێکی نوێ و کاریگەر بوو لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، سەردانی دووەمی دوای تەنیا نۆ ڕۆژ هات لە سەردانی یەکەمی، لەو بەهێزی پێگەی هەرێم و متمانەی ئەمەریکییەکانە بە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە 23ی تشرینی دووەمی 2019 بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران دەنگدانەوەیەکی میدیایی فراوانی لە ناوخۆ و دەرەوە بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە پێنس ئامادە نەبوو سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی عێراقی کۆنەبۆوە، ئەمەش نیشانەی بەهێزی پێگەی هەرێم و متمانەی ئەمەریکییەکانە بە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتییەکەی.

2. لەو ماوەیەدا زیاتر لە (63) دیدارو چاوپێکەوتنی سیاسی و دیپلۆماسی لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.

3. سێ جاران سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کردووە، بەجۆرێک یەکەم سەردانی دوای تەنیا 10 ڕۆژ بوو لە دەستبەکاربوونی، لە بەغداش بەجیا لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆبۆوە، ئەمەش هەنگاوێکی نوێ و کاریگەر بوو لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، سەردانی دووەمی دوای تەنیا نۆ ڕۆژ هات لە سەردانی یەکەمی، لەو سەردانەشیدا کۆبوونەوەیەکی بەرهەمداری هەبوو لەگەڵ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتییەکەی.

4. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا سەرۆک نێچیرڤان پێنج سەردانی فەرمی بۆ وڵاتانی دەرەوە ئەنجامداوە کە بریتی بوون لە "تورکیا، فەڕەنسا و قەتەر، هەروەها لە ماوەی 20 ڕۆژیشدا دووجار سەردانی ئیمارات کرد".

5. لەمیانی سەردانەکەی بۆ نەوێنەری (15) ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق کە سەردانی بەغدایان کردبوو، لەگەڵ چەند دیدارێکی دیکەی سیاسی، کۆتا سەردانی بەرێزیشیان لە (13)ی تشرینی دووەم بوو کە جارێکی دیکە لەگەڵ سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و چەند سەرکردەیەکی حزبە کاریگەرەکانی عێراق کۆبۆوە.

4. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا سەرۆک نێچیرڤان پێنج سەردانی فەرمی بۆ وڵاتانی دەرەوە ئەنجامداوە کە بریتی بوون لە "تورکیا، فەڕەنسا و قەتەر، هەروەها لە ماوەی 20 ڕۆژیشدا دووجار سەردانی ئیمارات کرد".

5. لەمیانی سەردانەکەی بۆ چەتری کۆکردەوەی هەموو هێزە سیاسییەکانی هەرێم بەوانەشی کە لە کاتی متمانە پێدانی لە پەرلەمان دەنگیان پێنەدا.

6. لەسەر ئاستی ناوخۆییشدا لەو ماوەیەدا سەرۆک نێچیرڤان دەستپێشخەری هەبووە بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم، دوو کۆبوونەوەی گرنگیشی لەگەڵ کەسی یەکەمی حزبە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبردووە کە دواتریان ڕۆژی 5ی تشرینی دووەمی 2019 بوو، بە بەشداری سەرۆک کۆماری عێراق، ئەمەش بۆ یەکخستنی گوتاری هێزە کوردستانییەکان لە بەغدا و ئامادەکاری بۆ ئەگەری گۆڕانکاری لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێم بوو، ئەم هەنگاوەی سەرۆک نێچیرڤان بووە جێگەی ڕەزامەندی خەڵک، چونکە داواکاری هەمیشەیی خەڵک لە هێزەکان یەکگرتوویی بە.

7. بۆ هەمان مەبەست ئەمجارە خۆی سەردانی کەسی یەکەمی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کرد، ئەمەش بووە هۆی پتەوکردن و یەکخستنی زیاتری نێتومالّی کورد.

8. لەو ماوەیەدا بەشداری لە 16 ئیفێنت و مەڕاسیمی جیاواز لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا کردووە.

9. هاوکات زیاتر لە 31 ڕاگەیاندراو، بڕووسکە و پەیامی جیاوازی بۆ پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەبووە.

10. ڕۆژی 12ی حوزەیرانی 2019، مەسرور بارزانی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردووشدا بەهاوکاری و پشتیوانی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم کابینەکە توانیویەتی کۆمەڵێک کاری گرنگ لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان بە ئەنجام بگەیەنێت.

11. کۆکردنەوەی سەرجەمی تیمی وەزاری کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێم لە ڕۆژی 6ی تەمموز، بەوانەشی کە لە نیوەی ڕێگا پشتیان لە کابینەکە کرد و هەوڵی ڕووخاندنیاندا، ئەمەش ئامارێکی دیکە بوو بۆ سینگفراوانی و دەوڵەتداری نێچیرڤان بارزانی، لەهەمانکاتدا پەیامێکی ڕوون بوو بۆ هەموو لایەک کە لە بیانی ناکەم چونکە یەکێکە لە کێشەکان کە ڕووبەڕووی کوردستان هات دوای هاتنی گرووپی توندڕەوی داعش، زۆر لەم کۆمپانیانە کوردستانیان جێهێشت و بووە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکان کە زۆرێک لەو هاووڵاتییە بەتوانایانەی کە کاریان بۆ دەکردن بێ کار مانەوە. کە هەندێکیان دەیاننااڵند لە بێکاری یان هەرێمیان بەجێهێشت بۆ هەندەران سەریان هەڵگرت. وانەکانیش بریتین لە:

یەکگرتن:

یەکەم وانە کە گرینگترین وانەیە کە پێویستە لە دروستبونی ئیمارات وەرگرین یەکگرتنە بەهێزەکەی نێوان حەوت ئیمارەتەکەیە، کە بۆتە سەرچاوەی پێشکەوتن. ئەم یەکگرتنەوەیە لە ساڵی 1966 دەستی پێکرد. شێخ زاید لە سەرەتای حکومڕانییەکەوە ئەم یەکگرتنەی بە هەنگاوێکی گرینگ دانا بۆ ئەوەی ڕێگەی دیالۆگ و هەماهەنگی یەکگرتنە یەکەم هەنگاوی نا دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی نێوان ئیماراتی دوبەی و ئەبوزەبی لە ساڵی1968 هەنگاوەکانی تر یەک بەدوای یەک ڕێکخران تا لە ساڵی1971 کە یەکگرتوویەکی بەهێز دروست بوو. ئەم یەکگرتنە وای لەم وڵاتە تازە دروستبووە کرد کە بەهێز بێت. ئیمارات خۆی لە هەموو هەنگاوێکی نادروست کە بێتە هۆی شەڕی نێوخۆ دەپارێزێت بۆ ئەوەی یەکگرتنەکەیان بە بەهێزی بمێنێتەوە. هەر چەندە هەر ئیمارەتێک سەربەخۆیەو حکومەتێکی خۆجێیی بەڕێوەی دەبات، بەڵام پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ئەوەی کە کام ئیمارات مۆدێرنتر و زیاتر بەرەو پێشتر دەچێت.

لە ماوەی 48 ساڵی ڕابردوو ئیمارات هەردەم هەوڵی گەڕان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر دەدات بۆ کێشە هەرێمییەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی کەندا و لە بڕی شەڕ و وێران کردن.

ئەم یەکگرتنە وای لە سەرکردە و خەڵکەکەش کردووە کە پابەندی ئەو یاسا و ڕیسایانە بن کە ئاسایش و ئارامی و پێشکەوتن بۆ ئەم وڵاتە دەستەبەر دەکات. چاودێران ئەوە دەخەنەڕوو کە لە میژووی حکوومەتی ئیماراتدا پارێزگاری لە مافی مرۆڤ کردووە لە سەرەتای دروستبوونیەوە. ئەم میژووە وای کردووە کە جێگیری و بەرەوپێشچوونی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ڕوونی دەرکەوێ.

هەروەها ئەم یەکگرتن و ئاسایشە وای کردووە کە بیێتە بنەمایەک کە سەرنجی خەڵکانی دەرەوە لە نەتەوە جیاوازەکان ڕاکێشێت بۆ کار کردن لەو وڵاتە. کەواتە لە یەکگرتن ئاسایش پەیدا دەبێت و ئەو ئارامییەش خەڵکانی دەرەوە ڕادەکێشێت بۆ کارکردن و بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابووری وڵات.

با سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەرگرین

میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو وەکو نموونە

ئامادەکردنی/ حوسێن سابیر

1

لە دوای ڕزگارکردنی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی، هەر لەسەرەتاوە پلانی حکومەتی کوردستان بۆ ئەوەبوو کوردستان بەرەو پێش بچێت و ببێتە نموونەی پێشکەوتن لە ناوچەکەدا. لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئەگەر بتەوێت بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێک و هەرێمێک بپێوی دەبێت سەیری ڕامیاری-ئابووری ئەو وڵاتە بکەی.

لە ساڵی 2005دا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەوکات لەیەکێک لە مەڕاسیمەکاندا لە شاری هەولێر وتی ئەبێت کوردستان بکەین بە شاری دوبەی. لەو کاتەوە کوردستان لەڕووی ئابووریەوە زۆر بووژایەوە و بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆوە بینی. چەندین کۆمپانیای جیهانی و کۆنسوڵی وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ئەمریکاو فەڕەنساو چەندان وڵاتی دیکە ڕوویان لە شاری هەولێر کردو شارەکانی تری کوردستانیش ئاوەدان کرانەوە.

ئاسایشی هەرێم یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان کە کوردستان ببێتە جێگای سەرنج و بەرهەمهێنان لەچاو باشوور و ناوەڕاستی عێراق.

بەڵام ئەم بووژانەوەیە دوای هاتنی داعش سستی بەخۆوە بینی و لەخۆگرتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمیش لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی وەکو ئابلۆقەیەکی سیاسی بەسەر هەرێم لەلایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق هۆکارێکی تربوو. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم وایکرد کە پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆن بوون هەڕەشەو لۆمەی یەکتر بکەن بۆ خراپی ئابووری هەرێم.

بەڵام ئەم بووژانەوەیە دوای هاتنی داعش سستی بەخۆوە بینی و لەخۆگرتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمیش لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی وەکو ئابلۆقەیەکی سیاسی بەسەر هەرێم لەلایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق هۆکارێکی تربوو. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم وایکرد کە پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆن بوون هەڕەشەو لۆمەی یەکتر بکەن بۆ خراپی ئابووری هەرێم.

بەڵام ئەم بووژانەوەیە دوای هاتنی داعش سستی بەخۆوە بینی و لەخۆگرتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمیش لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی وەکو ئابلۆقەیەکی سیاسی بەسەر هەرێم لەلایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق هۆکارێکی تربوو. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم وایکرد کە پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆن بوون هەڕەشەو لۆمەی یەکتر بکەن بۆ خراپی ئابووری هەرێم.

بەڵام ئەم بووژانەوەیە دوای هاتنی داعش سستی بەخۆوە بینی و لەخۆگرتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمیش لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی وەکو ئابلۆقەیەکی سیاسی بەسەر هەرێم لەلایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق هۆکارێکی تربوو. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم وایکرد کە پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆن بوون هەڕەشەو لۆمەی یەکتر بکەن بۆ خراپی ئابووری هەرێم.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٦٧٩٦ بەرواری ٢٠١٨/٣/١٨ بەبری ٥٠٠٠٠ بەناوی قاسم صابر عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٦) هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٢١٣٥٩ بەرواری ٢٠١٨/٧/٢٥ بەبری ٥٠٠٠٠ بەناوی ایام اکرام معروف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنیکی کارگێری/ هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشی بازرگەری بەناوی رامین عثمان حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فقدان

هویە وزارەتی داخلیە/ قیادة حرس حدود منطقە الاولی اسم سالم جعفر صادق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ئاگاداری

ئاگاداری سەرجەم لایەنی حکومی و ناحکومی و کەسانی ئاسایی دەکەین کە کۆمپانیای (فێرکاری سەرکەوتن بۆ پەروەردە و فێرکردن و راهێنان/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی خۆی داوە جا هەر کەسێك هەر مافێکی لای کۆمپانیا هەیە لە ماوەی (١٠) رۆژدا سەردانی کۆمپانیا یاخود پاکتاوکار بکات بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە پاش ئەوە مافی داواکردنی نامێنێ .

پاکتاوکار / دلاوەر حیدر عبدالمحمد
ژوری پارێزەرانی هەڵەبجە
٠٧٥٠١٤٣٤٦٩٩

***

دادگەها بەرایی / زاخو

ژمارە / ٥١٤/ ب/ ٢٠١٩
میژوو / ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگەهداری

بۆ/ (محمد اکرم اسکان و احمد اکرم اسکان) جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە.

داواکار (زلیخە احمد تحلو) داوا ژمارا (٥١٤/ب/٢٠١٩) داخازا هەلوەشاندنا بەلگەنامـا ژ دایکبینا وە ، و ژ بەرکـو جهێ ئاکنجیبینا وە نـە دیـارە ل دیـف دیدەڤانیـا هەلبژێـرێ گونـدێ (هیـزاوا) ل (٢٠١٩/١٢/٥) ، وژبـەر نـە دیاربینـا جهـێ ئاکنجیبینـا وە دادگەهـێ ل روژا (٢٠١٩/١٢/٨) بریـاردا ب بەلاڤکرنا ڤـێ ئاگەهداریـێ د دوو رۆژنامەیێـن نافخویـی و ڕۆژانـە دا پالپشـت ب مـادێ (٢١) ژیاسـایا دادبینیـا شارسـتانی بـۆ ئامادەبینـا وە یـان نوێنـەرێ وە یـێ یاسـایی ل ڕۆژا دادبینیـێ ڕێکەفتـی (٢٠١٩/١٢/١٨) ل دەمژمێـر (٩:٣٠) سپێدێ وبەروڤـاژی دادبینـی دێ ب شـێوەی بـا شـمـلە ئێتـە ئەنجامـدان.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٥٦١٣/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ارسلان ابراهیم بهرامی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (نهـی رشـید حمـود) داوای ژمـارە (٥٦١٣/ش/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (تفریـق للـضرر) دەکات وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ گەرەکـی راسـتی کۆمەڵـگای جهـان سـتی لـە بالەخانـەی باواجـی لـە نهۆمـی (١٧) شـوقەی ژمـارە ٦٦) بۆیـە دادگا بڕیـاری دا بەپـێ ڕاگەیاندنـت لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەڕۆژی دادبینـی ٢٠١٩/١٢/٣١, بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی ئاشـکراو پاشـملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەڕێوەبەرایەتـی تۆمارکردنـی خانووبـەرەی دووەمـی هەولێـر

هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٨٨٤١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٤

جاردان

بەڕێوەبەرایەتـی تۆمارکردنـی خانووبـەرەی دووەمـی هەولێـر لـە ڕێـگای زیادکردنـی ئاشـکرا (المزایـدە العلنیـە هەڵدەسـتێتێ بـە فرۆشـتنی مولکـی ژمـارە (١١٤/١٣٠٠ کەرتـی ٤٥ وارش) کـە تۆمـارە بەنـاوی قـەرزار (ازاد کارسـول محمـد) و بارمتـەی خراوەتەسـەر بـۆ بەرژەوەنـدی خـاوەن قـەرز بـری پـارە (مصـرف المنصـور) لـە جیاتـی قـەرزی بـری پـارە (٧٦٨٧٦٢٥٠) و تـەواوی زانیـاری لەسـەر مولکەکـە لـە خـوارەوەی ئـەم (جاردانـە) نـووسراو هەرکەسـێك ئـاگەزووی بەشـداری بوونـی هەیـە بـا سـەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمـان بـکات لـە مـاوەی (١٥) پـازدە رۆژ لـە رۆژی دوایی بلاوکردنـەوەی ئـەم جاردانـە و زیادکردنـە کـە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمـان ئەنجـام دەدرێـت لـە کاتژمێـر (١٢) دوانـەزی نیـوەڕۆ بـۆ زانیـن کریـار بڕوانامـەی عیراقـی و ١٠٪ نرخـی خەملێـنراوی مولکەکـە لەگـەڵ خۆیـدا بهێنێـت ڕەسـمی تۆمارکـردن و کرێـی جارچـی لەسـەر کریـارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مولکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف المنصور)
- خاوەن مولك (ازاد كارسول محمد)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- رووبەر (٢٢٥م٢)
- ژمـارەی مولـك (١١٤/١٣٠٠ کەرتـی ٤٥ وارش)
شـوێنی مولـك (هەولێـر/ شـەهیدانی سـێتاقان/ پشـت نەخۆشـخانەی ڕەسـولی تایبەتـی کـۆن)
- پێکهاتەکـەی/ خانـوو پێـك هاتـووە لـە نهۆمـی یەکـەم سـێ ژوورو نانديـن و هـۆڵ و گەرمـا و توالیـت و نهۆمـی دووەم پێـك هاتـووە لـە سـێ ژوورو هـۆڵ و نانديـن و گەرمـا و توالیـت لـە بلـۆك و کۆنکریـت دروسـتکراوە.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (هامـون ئـازاد عبدالوهـاب) لـە بـەرواری ٢٠١٩/١١/٢١ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگڕێتـەوە بـۆ خـۆی وتێسـتا دانـدراوە لـە (پ. تیمـار) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە, بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا, واتـە رۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار, بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دانوسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بروانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.

دانووس / شوان فوزی زکی

ئامێزەکان:

١- کورسـیلی دوانـزە سـەرکی بـێ ژمـارە دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٨ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٢.
٢- تێکردنی غـاز بـۆ ناو بوتڵی گـەورە ژمـارە/ ٥٣٣٧ دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١,٥.
٣- دوو خەزانـی خەزنـی غـاز ژمـارە/ ١٩YE٠٦٨/١٩YE٢١١ دروسـتکراوی تورکیـن مۆدێـل ٢٠١٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٢*٢٠. ١٠*٢ طـن.
٤- دوو تروسپانیـای تعبئـە و تفریـغ ژمـارە/ ١٢١٧٢٥١٤١ – ١٨١٩٢٩٦٦٦ دروسـت کـراوی تورکـی توانـای K.W٢*٣٠.
٥- سیسـتەمی هێلـی تـەواوی ئاگرکوژێنـەوە گاز و کارەبـا دروسـتکراوی المانـی مۆدێـل ٢٠١٩ جـۆری سـوتەمەنی گاز توانـای K.V.A٣٠ تانکـی ئـاو لـتری ١٠٠٠٠.
٦- کۆمپرێسـەری هەوایـی ژمـارە /٣٠٣٢٢ دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٧ ١٠٠٠ لـتری توانـای K.W٣٠ ٤ پارچەیـی
٧- مۆلیـدەی کارەبایـی ڤالڤـۆ سویدی بـێ ژمـارە جـۆری سـوتەمەنی گاز توانـای K.V.A٢٥٠.

***

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا: ١٩٥/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠

جاردان

بۆ داوالێکراو: سرور عبدالباسط احمد/ شوێنی دانیشتن نادیارە

داواکار (ازاد حسـن رشـید) داوای ژمـارە (١٩٥/ب/٢٠١٩) لەسـەرت تۆمارکردبـووە دادگاش لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١٢/٥) بەشـێوەی پاشـملە حوکمـی دەرکـرد بـە بەپابەندکـردت بـە (گەڕاندنـەوەی بـڕی ١٠٨,٢٧٠,٠٠ سـەدو هەشـت ملیـۆن و دووسـەدو حەفتـا هـەزار دینـاری عێراقـی بـۆ داواکار، وەلەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری (مەلائۆمـەر) بۆیـە دادگا بڕیاریـدا کـە پێـت ڕابگەیەندرێـت بـەم بڕیـارە لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئێـوەش مافـی ناڕەزایـی و تێهەڵچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لەمـاوەی یاسـایی دا وە بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبـڕ وەردەگرێـت بەگوێـرەی یاسـا.

دادوەر/نیگار احمد محمد

***

وەزارەتی پێشمەگەر

ئەمینداریەتـی گشـتی /بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی گرێبەسـتەکان

ژمارە: ١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠

بانگەوازی (١)ی سالّی ٢٠١٩
بابەت/کەمکردنەوەی نهێنی
ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠١٩

کەلەسـەر بودجـەی ئاسـایی وەزارەتـی پێشـمەرگە جێبەجـێ دەکرێـت وەزارەتـی پێشـمەرگە/بەڕێوەبەرایەتی گشـتی گرێبەسـتەکان ئـاگاداری گشـت کۆمپانیـاکان دەکاتـەوە بـۆ بەشـداری کـردن لـە کەمگـەڕی کـراوە بـۆ جێبەجێکردنـی پـرۆژی کۆنکریـت کردنـی گەراجـی یەکـەم و ڕێـگای تایبـەت بـە گـەراج و پـرۆژەی ڕێـرەوی ئـاو بـە بـۆڕی پلاسـتیکی بـۆ نەخۆشـخانەی پێشـمەرگە کـە دەکەوێتـە (هەولێر-شـەقامی ١٥٠م-سـایدی نێـوان کوردسـتان سـیتی و شـاری کۆرییـەکان).

مەرجەکان:

١- ئـەم کەمگرییـە بەپێـی ڕێنمایـی جێبەجێکردنـی گرێبەسـتە حکومییـەکان ژمـارە (٢) سـاڵی ٢٠١٦ بەڕێوەدچێـت.
٢- هێنانـی بارمتـەی سـەرەتایی بـە بـڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیـۆن دینـار بەشـێوەی (خطـاب ضـمان) یـان چەکـی پەسـەندکراو مـاوەی بەسـەرچوونی لـە (٩٠) ڕۆژ کەمـتر نە بێـت .
٣- نرخـی بەڵگەنامەکانـی تەندریـن بـڕی (١٠٠,٠٠٠) سـەد هـەزار دینـار کـە ناگەڕێتـەوە بـۆ خاوەنەکـەی.
٤- هێنانـی بروانامـەی دامەزراندنـی کۆمپانیـاو هێنانـی ئەسـتۆ پاکـی باجـی دەرامـەت.
٥- کۆمپانیـا بـۆی هەیـە بەڵگەنامەکانـی پرۆژەکـە ببینێـت پێـش بڕیـاردان لەسـەر کڕینـی.
٦- فرۆشـتنی تەنـدەر لـە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ تاکـو ٢٠١٩/١٢/٢٦ لـە بـارەگای بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی گرێبەسـتەکان دەبێـت لەهەولێر-هەولێـری نـوێ لەکاتژمێـر (٨:٠٠) بەیانـی تاکـو (٣:٠٠) پـاش نیـوەڕۆ.
٧- گەڕاندنـەوەی تەنـدەر دەبێـت لەنـاو زەرفێکـی داخـراو و مۆرکـراو بێـت.
٨- کردنـەوەی تەنـدەر لـەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٩ کاتژمێـر (١١:٠٠)ی پێـش نیـوەڕۆ دەبێـت لەبـارەگای بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی گرێبەسـتەکان.
٩- کرێـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بانگـەوازە دەکەوێتـە ئەسـتۆی کۆمپانیـای بـراوە.
١٠- وەزارەت پابەنـد نییـە بەکەمتریـن نـرخ لەبەرامبـەر کوالێتـی و مـاوەی جێبەجێکـردن.
١١- بـۆ زانیـاری زیاتـر پەیوەنـدی بکـەن بـە ژمـارە تەلەفۆنـی (٠٧٥١١٨٧٦٠٠٩).

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك

ژمارە: ١١٥١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/١٠٢

جاردان

بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: عریف/ امیر مسعود محمد مجید

ناوی دایکی/ فاطمە محمد

ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە

لەبـەر ئامادەنەبوونـت لەبەرامبـەر ئـەم دادگایـە وە تەواوبوونـی مـاوەی دیـاری کـراو بـۆ ئامادەبوونـت بەپێـی بەنـدی ٦٨ لـە یاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە لەبـەر ئـەوەی تاوانـی هەڵاتنـت ئەنجـام داوە لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٥/١٢/١٥ وە بردنـی کلاشـینکۆفی جـۆری مزەلـی (قومبەلـە) بـە ژمـارە (١٣٣٦) لەگـەڵ (٤) چـوار مخـزەن و لەگـەڵ (١٢٠) فیشـەك کـە لەئەسـتۆت دابـوو لەگـەڵ خـۆت بـردووە.
٣- جێبەجـێ کردنـی ئـەو سـزایانەی کـە لـە برگـە ١ و ٢ی سـەرەوە هاتـووە لەسـەرت لـە دوای یەکـتری پاڵپشـت بـە بەنـدی ١٤٣ لەیاسـای سـزادانی عیراقـی ژمـارە ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ هەمواركـراو.
٤- پابەندکردنـت بـە دانـەوەی بـری ١,٠٣٥,٠٠٠ یـەك ملیـۆن و سـی و پێنـج هـەزار دینـاری عیراقـی پالپشـت بەبەنـدی ٣٥/دووەم لەیاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە دەگەڕێنرێتـەوە بـۆ فەرماندەیـی پێشـمەرگەی زێرەڤانـی کـە دەکاتـە کلاشـینکۆفی جـۆری صینـی مزەلـی (قومبەلـە) بـە ژمـارە (١٣٣٦) لەگـەڵ (٤) چـوار مخـزەن و لەگـەڵ (١٢٠) فیشـەك کـە لەئەسـتۆت دابـوو وە بـرە پـارەی دیـاری دیـاری کـراو لێـت وەردەگیرێـت بەڕێـگای جێبەجێکـار الطـرق التنفیذیـە پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٥- ئـەو تاوانـەی بەتاوانـی ئابروبـەری (مخلـە بالـشرف) دادەنرێـت پالپشـت بـە بەنـدی ٢١/أ-٦ لـە یاسـای سـزای عیراقـی ژمـارە (١١١ی سـالی ١٩٦٩)ی هەمواركـراو.
٦- دەرکردنـت لـە ڕاژە گـرد مـن الخدمـە پاڵپشـت بەبەنـدی ٤١/ یەکـەم/أ لەیاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤/ی سـاڵی ٢٠٠٨ پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٧- گشـتاندن بەکلاشـینکۆفی جـۆری مزەلـی بلغاری(ژمـارە ١٠) بەژمـارە (٧٥٨٤) بکرێـت بەپێـی یاسـا.
٨- دەسـت بەسـەر داگرتنـی سـامانە گواسـتراوە و نەگواسـتراوەت.
٩- مـاف دان بەفرمانبەرانـی گشـتی بەگرتنـت لـە هـەر شـوێنێك بیـت.
١٠- جەخـت کردنـەوە لەسـەر هاوڵاتیـان بـە ئاگادارکردنـەوەی شـوێنی خۆشـاردنەوەت پاڵپشـت بەبەنـدی ٦٩/ سـێیەم لەیاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە بڕیـاری سـزادانەکەت بەبـێ ئامادەبوونـت بەتێکـرای دەنـگ دەرچـووە وە تێگەیانـدرا بـە ئاشـکرا لـە ٢٠١٩/١٢/٤ وە قابیلـی پێداچوونەوەیـە تەمییـز ە وە مافـی ڕەخنەگرتنـت الاعـتراض ت هەیـە بەپێـی بەنـدی ٧١ لـە هەمـان یاسـا لەسـەر بڕیـاری سـزادانی پاشـملە تاکـو مـاوەی ١٨٠ سـەدو هەشـتا ڕۆژ لـە ڕێکەوتـی ئاگادارکردنـەوەت ئەویـش ڕێکەوتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بڕیارەیـە لـە ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانـە وە هەڵدەواسـرێت لەشـوێنی نیشـتەجێ بوونـی دوایـت و شـوێنی بـارەگای فەرمانگەکـەی خـۆت, وە لـە کاتـی ئامادەنەبوونـت لـەو ماوەیـەی کەلەسـەرەوە دیاریکـراوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك

ژمارە: ١١٤٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/٩٠

جاردان

بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: ر.پ٦/ سیروان احمد محمد

ناوی دایکی/ فاطمە کاکی

ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە

لەبـەر ئامادەنەبوونـت لەبەرامبـەر ئـەم دادگایـە وە تەواوبوونـی مـاوەی دیـاری کـراو بـۆ ئامادەبوونـت بەپێـی بەنـدی ٦٨ لـە یاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە لەبـەر ئـەوەی تاوانـی هەڵاتنـت ئەنجـام داوە لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٨/٨/١ وە بردنـی کلاشـینکۆفی جـۆری صینـی مزەلـی (قومبەلـە) بـە ژمـارە (١٣٣٦) لەگـەڵ (٤) چـوار مخـزەن و لەگـەڵ (١٢٠) فیشـەك کـە لەئەسـتۆت دابـوو وە بـرە پـارەی دیـاری دیـاری کـراو لێـت وەردەگیرێـت بەڕێـگای جێبەجێکـار الطـرق التنفیذیـە پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٥- ئـەو تاوانـەی بەتاوانـی ئابروبـەری (مخلـە بالـشرف) دادەنرێـت پالپشـت بـە بەنـدی ٢١/أ-٦ لـە یاسـای سـزای عیراقـی ژمـارە (١١١ی سـالی ١٩٦٩)ی هەمواركـراو.
٦- دەرکردنـت لـە ڕاژە گـرد مـن الخدمـە پاڵپشـت بەبەنـدی ٤١/ یەکـەم/أ لەیاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤/ی سـاڵی ٢٠٠٨ پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٧- گشـتاندن بەکلاشـینکۆفی جـۆری مزەلـی بلغاری(ژمـارە ١٠) بەژمـارە (٧٥٨٤) بکرێـت بەپێـی یاسـا.
٨- دەسـت بەسـەر داگرتنـی سـامانە گواسـتراوە و نەگواسـتراوەت.
٩- مـاف دان بەفرمانبەرانـی گشـتی بەگرتنـت لـە هـەر شـوێنێك بیـت.
١٠- جەخـت کردنـەوە لەسـەر هاوڵاتیـان بـە ئاگادارکردنـەوەی شـوێنی خۆشـاردنەوەت پاڵپشـت بەبەنـدی ٦٩/ سـێیەم لەیاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە بڕیـاری سـزادانەکەت بەبـێ ئامادەبوونـت بەتێکـرای دەنـگ دەرچـووە وە تێگەیانـدرا بـە ئاشـکرا لـە ٢٠١٩/١١/٢٤ وە قابیلـی پێداچوونەوەیـە تەمییـز ە وە مافـی ڕەخنەگرتنـت الاعـتراض ت هەیـە بەپێـی بەنـدی ٧١ لـە هەمـان یاسـا لەسـەر بڕیـاری سـزادانی پاشـملە تاکـو مـاوەی ١٨٠ سـەدو هەشـتا ڕۆژ لـە ڕێکەوتـی ئاگادارکردنـەوەت ئەویـش ڕێکەوتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بڕیارەیـە لـە ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانـە وە هەڵدەواسـرێت لەشـوێنی نیشـتەجێ بوونـی دوایـت و شـوێنی بـارەگای فەرمانگەکـەی خـۆت, وە لـە کاتـی ئامادەنەبوونـت لـەو ماوەیـەی کەلەسـەرەوە دیاریکـراوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمـارە ١٤/ی سـاڵی ٢٠٠٨ پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٧- گشـتاندن بەکلاشـینکۆفی جـۆری صینـی مزەلـی (قومبەلـە) بـە ژمـارە (١٣٣٦) لەگـەڵ (٤) چـوار مخـزەن و لەگـەڵ (١٢٠) فیشـەك کـە لەئەسـتۆت دابـوو لەگـەڵ خـۆت بـردووە.
٣- جێبەجـێ کردنـی ئـەو سـزایانەی کـە لـە برگـە ١ و ٢ی سـەرەوە هاتـووە لەسـەرت لـە دوای یەکـتری پاڵپشـت بـە بەنـدی ١٤٣ لەیاسـای سـزادانی عیراقـی ژمـارە ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ هەمواركـراو.
٤- پابەندکردنـت بـە دانـەوەی بـری ١,٩١٦,٠٠٠ یـەك ملیـۆن و نۆسـەد و شـازدە هـەزار دینـاری عیراقـی پالپشـت بەبەنـدی ٣٥/دووەم لەیاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە دەگەڕێنرێتـەوە بـۆ فەرماندەیـی پێشـمەرگەی زێرەڤانـی کـە دەکاتـە کلاشـینکۆفی جـۆری مزەلـی بلغـاری (رەقـم ١٠) بـە ژمـارە (٧٥٨٤) لەگـەڵ (٤) چـوار مخـزەن و لەگـەڵ (١٢٠) فیشـەك کـە لەئەسـتۆت دابـوو وە بـرە پـارەی دیـاری دیـاری کـراو لێـت وەردەگیرێـت بەڕێـگای جێبەجێکـار الگـرق التنفیذیـە پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٥- ئـەو تاوانـەی بەتاوانـی ئابروبـەری (مخلـە بالـشرف) دادەنرێـت پالپشـت بـە بەنـدی ٢١/أ-٦ لـە یاسـای سـزای عیراقـی ژمـارە (١١١ی سـالی ١٩٦٩)ی هەمواركـراو.
٦- دەرکردنـت لـە ڕاژە گـرد مـن الخدمـە پاڵپشـت بەبەنـدی ٤١/ یەکـەم/أ لەیاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤/ی سـاڵی ٢٠٠٨ پـاش ئـەوەی بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
٧- گشـتاندن بەکلاشـینکۆفی جـۆری مزەلـی بلغاری(ژمـارە ١٠) بەژمـارە (٧٥٨٤) بکرێـت بەپێـی یاسـا.
٨- دەسـت بەسـەر داگرتنـی سـامانە گواسـتراوە و نەگواسـتراوەت.
٩- مـاف دان بەفرمانبەرانـی گشـتی بەگرتنـت لـە هـەر شـوێنێك بیـت.
١٠- جەخـت کردنـەوە لەسـەر هاوڵاتیـان بـە ئاگادارکردنـەوەی شـوێنی خۆشـاردنەوەت پاڵپشـت بەبەنـدی ٦٩/ سـێیەم لەیاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـاڵی ٢٠٠٨ وە بڕیـاری سـزادانەکەت بەبـێ ئامادەبوونـت بەتێکـرای دەنـگ دەرچـووە وە تێگەیانـدرا بـە ئاشـکرا لـە ٢٠١٩/١١/٢٤ وە قابیلـی پێداچوونەوەیـە تەمییـز ە وە مافـی ڕەخنەگرتنـت الاعـتراض ت هەیـە بەپێـی بەنـدی ٧١ لـە هەمـان یاسـا لەسـەر بڕیـاری سـزادانی پاشـملە تاکـو مـاوەی ١٨٠ سـەدو هەشـتا ڕۆژ لـە ڕێکەوتـی ئاگادارکردنـەوەت ئەویـش ڕێکەوتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بڕیارەیـە لـە ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانـە وە هەڵدەواسـرێت لەشـوێنی نیشـتەجێ بوونـی دوایـت و شـوێنی بـارەگای فەرمانگەکـەی خـۆت, وە لـە کاتـی ئامادەنەبوونـت لـەو ماوەیـەی کەلەسـەرەوە دیاریکـراوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگیرێـت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بواروو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Maintenance Project Engineer
Work Location	Tawke Field

Additional Details and requirements

Job Summary:

To plan, manage and supervise small to medium upgrade projects within oil and gas facilities and supporting infrastructure. This will involve both civils and structural work including but not limited to camp moves, road maintenance, drainage, pipework installation and construction of new facilities.

Key Responsibilities:

- Field based technical support
- Project Management
- Contractor liaison
- Punchlist and handover inspections
- Training and mentoring

Please check out the vacancy on below provided link to read further details of the job responsibilities.

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree or technical qualification with 12 years experience
- 10 years' experience
- Installing new camps
- Installing structural steel
- Hydrocarbon and non-hydrocarbon pipework
- Experienced with CMMS systems (Epicor advantageous)
- Reporting and data gathering
- Computer literate with ability to use Microsoft: Outlook, Word, Excel, PowerPoint.
- English language oral and written

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

خەبات
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/12/11 ژمارە (5890)

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ١١٦٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٦
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/١٥٩)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ر.پ٨/ ازاد فرخ رسول امیر
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کوێستان
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: نادیارە
دەبێت ئامادەبێت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجام داوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢ وە بەپێچەوانە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسای لەدژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٢٨
ڕێکەوت: ١٠ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٧)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردنی سێ ژەم خواردن بۆ یەك نەفەرر ڕۆژانە بۆ بەند کراوانی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٥ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا مۆڵەتی تایبەت بێت بە دابین کردنی خۆراك وە نوێ کراوە بێت.
- پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ١٠,٠٠٠,٠٠٠ دە ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
تێبینی/ هەر کۆمپانیایەك بۆ ماوەی دوو ساڵ لەدوای یەك کاری لەبەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سۆران کرد بێت تەندەری پێ نادرێت
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٠٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/١٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (بیوار رمضان مصطفی)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە
داواکار (بابەت حسن ابراهیم) داخازێ تێدا دکەت ژێك جوودابوون(التفریق) ناڤبەرا تەو ویدا وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژێر قەزا زاخو گوندێ بێتاسێ ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییێن ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر دەە ل سپێدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٢٤ ول بەروژڤاژێ ڤێ جەندێ دادبینێ ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هێتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٦٥٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/١٠
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری: هندرین محمد امین/ جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژێ تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (فنر سالم مصطفی) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (٨٥٢٠٠٠٠) هەشت ملیون وپێنج سەد وبیست هزار دیناری ئیراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادی ل دهوکێ یا ژمارە (٣١٢٧) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٢/١ وراپورتا هەلبژێری کومەلگەها دابین ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٨ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٨ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦٠٦ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٩
ڕاگەهاندن
بۆ/داوالێکری (لیلی خالد محمد) جهێ ئاکنجییێ وێ نەدیارە ڤێ دادگەهێ دداوایا ژمارە ٦٠٦/ب/٢٠١٩ ڕێکەفتی ٢٠١٩/٥/٢٩ بریاردا دانا تە بو داواکار (مصلح یاسین قادر/ڕێڤەبەری ڕێپێدای کومپانیا ئاڤا وەلات-زێدەباری کاری وی) کوژمێ پارە (١٥٥١٥$) پانزدە هەزار وپێنج سەد وپانزدە دولار بەرامبەر وی ب دیناری عراقی کوژمێ پارە (١٨٦١٨٠٠٠) هەژدە ملیون وشەش سەد وهەژدە هەزار دینار دگەل مەزاختنێن داوایێ ومانەدی بوونی پارێزەر یا برێکارێن داواکاری پارێزەرێن (سنگر شریف مصطفی وشریف جلال الدین محمد صالح) کوژمێ پارە (١٨٦١٨٠٠) ملیونەك وهەشت سەد وشێست وئێك هەزار وهەشت سەد دینار بێتە بەلاڤکرن ناڤبەرا وان وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادوەری ل دهوك یا ژمارە (٣١٤٥) ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٤ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخێ لیلاڤ ستی ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٣ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبوونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونێ هەیە دماوی یاسایی دا بەروڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٣٤٢/ب/٢٠١٩
٦/دانانا دەستەسەریێ /٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/١٠
ڕاگەهاندن
لدویف بریارا دەرگەفتی ژ دادگەها بەراهیا دهوکێ یا ژمارە ١٣٤٢/ب/٢٠١٩ ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/٧ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەڤپشکیێ ل سەر خانووبەرێ ژمارە(١٢٢/١٠) کەرتێ ٨٢ دهوکا ڕوژ هەلات لدویف سالۆخەتێن ل خوارێ دیارکری ئەڤ دادگەهە ل سەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا ڕادگەهینیت بو فروتنا پارچە زەڤیا ناڤبری بو ماوێ سیە ڕوژا ژ ڕوژا دوماهیك بەلاڤکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل ڕوژا سیهێ ل دەمژمێر (١٢) نیڤرو ودگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ب ڕێژا ١٠٪ ژ بهایێ(١٨٥٠٠٠٠٠٠) سەد وهەشتی وپێنج ملیون دیناری عیراقی ئەگەر نە هەڤپشك بیت بو زانین دانا مەزاختیا وکریا ڕێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر ڕوژا دوییاهیێ کەفتە بێهنڤەدانێ دێ ژڤانێ سەر ئێك زێدەکرنێ بیتە ڕوژا ئێکێ یا کاری
سالۆخەت : خانووبەرێ ژمارە(١٢٢/١٠ کەرتێ ٨٢ دهوکا ڕوژ هەلات) ڕۆبەرێ وێ (٣٠٠) م٢ پارچە زەڤیێ بەری وی یل باشوری نەیائاڤاکریە لەشوینیکی نیشتەجیبونیە لە تاخی گری صور نیزیك ژورا پیشەسازی وبازرگانیا دهوك ل سەر جادا (١٠)م وخزمەت گوزاری یێت هەیین ل دەڤەرێ وەك ئاڤ وکارەب وجادە

دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٣٣٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (مهند حسن محمد
الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لە داوای ژمارە ٣٣٨/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران (١/سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢/عبداللە احمد عبدالرحیم) ب دانا پارەی کوژمێ (٣٥١١٧٥) سێ سەد وپینجی وئیك هزار وسەد حەفتێ وپێنج دولار کو دبیتە (٤٢١٤١٠٠٠٠) چار سەد وبیست وئێك ملیون وچار سەد ودەه هزار دینار پارێ هاتیە خەرج کرن بو مقاولاتێت ئاڤاهیێ (کلیە الحسابات) ل زانکویا نەوروز وهەروەسا کافتریا دگەلدا ب جوداهیەکا مەزن بو مەرەمێت خو کوژمێ پارەی وەرگریت دگەل ماندیبونێت پارێزەری دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٣ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕوژنامەی ناوخوێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٣٣٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (مهند حسن محمد
الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لە داوای ژمارە ٣٣٩/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران (١/سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢/عبداللە احمد عبدالرحیم) ب دانا پارەی کوژمێ (٣٤٠٠٠) سیە وچوار هزار دولار کو دبیتە (٤٠٩٣٦٠٠٠) چل ملیون ونەهـ سەد وسیه وشەش هزار دینار پارێ هاتیە خەرج کرن بو ئاڤاکرنا خانیێ شیشەی ل زانکویا نەوروز ب جوداهیەکا مەزن بو مەرەمێت خو کوژمێ پارەی وەرگریت دگەل ماندیبونێت پارێزەری دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٣ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕوژنامەی ناوخوێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٣٣٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (مهند حسن محمد
الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/١١/٢٥ لە داوای ژمارە ٣٣٧/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران (١/سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢/عبداللە احمد عبدالرحیم) ب دانا پارەی کوژمێ (٣٦٠٠٠٠٠٠) سیە وشەش ملیون دینار پارێ هاتیە خەرج کرن بو ئاڤاکرنا گورەپانا ڕاوەستاندنا ترومبیلا ل زانکویا نەوروز ب جوداهیەکا مەزن بو مەرەمێت خو کوژمێ پارەی وەرگریت دگەل ماندیبونێت پارێزەری دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٣ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕوژنامەی ناوخوێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت و هەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا.
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٢٠١٩/١٤٢٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن هونەر مجید محمد کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لە کاتی ئێستادا ئاگادارت دەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن (حسن باقی حسن بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای هۆم سیتی سەرەرای کارەکەی بریاری دادگای بەرایی سلێمانی ٥ بەژمارە (١٠٨/ب/٢٠١٩) کە لە (٢٠١٩/٥/٢١) دەرچووە کە تیایدا قەرزاری بەبڕی (٤,٨٧٣,٩٦٨) چوار ملیۆن و هەشت سەد و حەفتا و سێ هەزار و نۆسەد و شەست و هەشت دینار بەرەسمی جێبەجێکردنەوە بڕیارەکە لەلایەن بریکاری داواکار پارێزەر (ئاوان عمر محمد رسول) جێبەجێ کراوە.
پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەڕێگەی شرحی ڕاگەیەنەری دادی و مختاری گەڕەکی کۆسەی چەم سەر بەناحیەی بەکرەجۆ کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێ بوونت نادیارە. بۆیە بڕیارماندا بەئاگادارکردنەوەت لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بۆ گەڕاندنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٢٧) لە یاسایی جێبەجێکردن اجراءاتی یاسایی بەزۆرت بەرامبەرت دەکرێ.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمەفرج
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٣٤٥٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
ئاگاداری
بۆ/ زیاد کاظم مهدی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (N.A.S.CO) کە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *

دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٠٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (دیاری طارق صدیق)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای کەتنی ژمارە ١٠٨/ك/٢٠١٩ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ ژمارە حوکم درا بەسەرتا بەغرامەکردنت بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٢٤٥٢/ج/٢٠١٥
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ڕێباز سردار حمە صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *

دادگای بەرایی سلێمانی / ٣
ژمارە : ٢٨٥٨ / ب / ٢٠١٩
بەروار : ٥ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوالەسەرکراو: علی عبداللە حسن
داواکار بەناوی (عباس عبداللە حسن) لەبەردەم ئەم دادگایە داواکارییەکیان لەسەر تۆمارکردون بە ژمارە (٢٨٥٨ / ب / ٢٠١٩) لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٣ وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان لە ئێستادا نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی فەرمی ڕۆژانە بەمەبەستی ئاگاداربوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٢ / ١ / ٢٠٢٠) کاتژمێر (٩:٣٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبیت بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر /سۆران عمر محوی
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (TELSKOF TRAVEL) یا (گەشت وگۆزاری / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤی کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (TELSKOF TRAVEL) یا (گەشت وگۆزاری / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (تللسقف للسیاحە والسفر/ سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢١١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پیران) بۆ پیشەسازی و بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (پیران) بۆ پیشەسازی و بیناسازی/سنوردار)
لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ڕۆژ شێرزاد الاطرقجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢١٩١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ACCOUNTANCY - ئەکاونتانسی) بۆ سیستەمی زانیاری و فێرکردن/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ACCOUNTANCY - ئەکاونتانسی) بۆ سیستەمی زانیاری و فێرکردن/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ڕاژان زید بهجت) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ACCOUNTANCY - ئەکاونتانسی) بۆ سیستەمی زانیاری و فێرکردن/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (پیران) بۆ پیشەسازی و بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر



مارک ئاسپەر:

توانا و هێزی پێویستمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

وەزیری بەرگری ئەمەریکا مارک ئاسپەر گوتی، نوکە لەو ئان و ساتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانا و هێزی پێویستیی هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی هەر ملمالانێیەک لە بەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە .. لە هەمان کاتدا ئاسپەر ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانیانەی ڕەتکردەوە کە گوایە لە چوارچێوەی ملمالانێکاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، واشنتۆن بە نیاز بێت ژمارەی هێزەکانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیدەتر بکات .



بە دووریشی نەزانی کە لە داهاتوودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژمارەی هێزەکانی زیدەتر بکات یا کەمتر.وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە کاتی چوونی بۆ کتێبخانەی ریگان لە کالیفۆرنیا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، ئەوە راپۆرتێکی هەڵەیە کە باس لە 14هەزار سەرباز دەکات . هەموو فەرماندەیەک ئاڕەزووی هێزی زیاتر و زیاتری هەیە لە هەر شوێنێک بێت، بەڵام حاڵی حازر هێز و توانایەکی ئەوتۆمان هەیە لە رۆژهەڵاتیی ناوەڕاست کە بتوانین بەرپەرچی هەر دوژمنکارییەک بدەینەوە و هەر ملمالانێیەک لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆتایی پێ بهێنین. رونیشی کردەوە بەردەوام و رێکوپێک چاو بە داواکارییەکان دادەخشێنێتەوە، بەڵام دووپاتی کردەوە کە هیچ داواکارییەکی پێ نەگەیشتووە بۆ زیدەکردنی 14هەزار سەربازی ئەمەریکی لە ناوچەکە.لەوکاتەی رۆژی چوارشەممەی رابردوو وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا راپۆرتێکی رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنالی ڕەتکردەوە لە هەمبەر ئەوپەرسە، ئەوە رونترین و تێروتەسەلترین لێدوانە کە پێنتاگۆن دەیدات .. جێی ئاماژەیە رۆژنامەی ناوبراو بڵاویکردبووەوە کە ئەمەریکا بە نیازە 14هەزار سەرباز بنێرێتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست .جێی زانینە لە وەتەی مایۆ- ئایاری رابردووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 14 هەزار سەربازی ناردووەتە ناوچەکە و بە فرۆکەی جەنگی و هێزی بەرگری ئاسمانی پاڵپشتیی دەکرێن، بەو مەبەستەی بەرپەرچی هەر شەرپێفرۆشتنێکی ئێران چوارچێوەیەدا نیردەی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران برایان هۆک رۆژی پێنج شەمە ئاشکرای کرد، لە ناوەراستی نۆڤەمبەرەوە، هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەوەتەی دەستپێکردنی ناڕەزاییە نێوخۆییەکان بە هۆی زیدەبوونی نرخی بانزین زیاتر لە هەزار کەسیان کوشتووە، ئەوەش لەوەتەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە لە ساڵی 1979تونددترین ناڕەزایی و پشێویی کە ئێران لە نێوخۆدا بە خۆوە بینیێت.جێی بیرهێنانەوەیە لەوەتەی هێرشکردنە سەر کەشتیی نەوتهەڵگرەکان لە کەنداو لە ناوەراستی هاوینی رابردووەوە، پشێوییەکان روو لە زیدەبوونە، لەوانە لە نزیک کەنارەکانی ئیمارات و هێرشکردنە سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە، کە ئەمەریکا راستەوخۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدا تۆمەتبار کرد، لە بەرانبەریشدا ئێران ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە و رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک دەستی لەو رووداوانە نەبووە .لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رایگەیاند، ڕەنگە ئێران دەستی هەبووبێت لەو هێرشەی کە کرایە سەر بنکەی ئاسمانی (بەڵەد) لە عێراق، بەڵام هێشتا ئەمەریکا بەدوای بەڵگەی زیاتر دەگەڕێت.رۆژی پێنج شەمەی رابردوو، سوپای عێراق ئاشکرای کرد، بە دوو موشەکی کاتیوشا هێرش کراوەتە سەر بنکەی ئاسمانی (بەڵەد) کە هێزەکانی ئەمەریکای تێدا نیشتەجێیە و دەکەوێتە دووری 80 کیلۆمەتر لە باکوری بەغدا. هەرچەندە هێرشەکە هیچ زیانێکی مادی لێ نەکەوتوتەوە بەڵام هیچ لایەنێکیش بەرپرسیارییەتی خۆی لە ئەنجامدانی هێرشەکە رانەگەیاند.هەر لەو چوارچێوەیەدا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئەوپەڕی رۆژهەڵات دیڤد شینگەر گوتی، ئێمە چاوەڕوانی بەڵگەی زیاتر دەکەین بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئێران لەو هێرشەدا تێوە گلابێت.رۆژی سێشەممەی رابردوو پێنج موشەکی دیکە لە بنکەی ئاسمانی عەین ئەلئەسەد لە پارێزگەی ئەنبار لە عێراق کەوتنە خوارەوە کە ئەویش هێزەکانی ئەمەریکای تێدا نیشتەجێیە و هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتوەوە..

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا

سالی 1947:
ڕێکخراوی یونیسێف بۆ چاودێریکردنی منداڵان دامەزرا .




سالی 1957:
نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی تایبەت بە مافی گەلان لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان دەرکرد .



سالی 1994:
بۆریس یەلتسنی سەرۆکی پێشووی ڕووسیا فەرمانی بە سوپای وڵاتەکەی کرد ڕوو بکاتە چیچان .



سالی 2016:
لە ناوچەی عەباسیەی قاهیرەی پایتەختی میسر کەنیسەی پوترسیە تەقێنرایەوە و لە ئەنجامدا 25کەس کوژران .



سالی 2017:
لە کالیفۆرنیای ئەمەریکا 25ئاگری گەورە لە دارستانەکانی ئەم ویلایەتە کەوتنەوە و لە ئەنجامدا 212 هەزار کەس ناچار کران شوێنەکانیان بەجێ بێڵن .



سالی 2018:
لە شاری ستراسبۆرجی فەرەنسا و لە ئەنجامی ڕووداوی تەقەکردندا 3کەس کوژران و 12ی دیکەش بریندار بوون .

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/12/11 ژمارە (5890)



12ی کانوونی یەکەم..
ئەو هەڵبژاردنەی ئایندەی وڵاتێک دەستنیشان دەکات

نا: هەندرین شێرزاد

رۆژی 12ی کانونی یەکەم، شانشینی یەکگرتوو یەکێک لە گرنگترین هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی دوای کۆتاییهاتنی شەڕ بە خۆیەوە دەبینێ. دەرەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە تەنیا کاریگەریان بۆ سەر چارەنووسی چوونەدەرەوەی ئەو وڵاتە لە یەکێتی ئەوروپا (بریگزت) نابێ، بەڵکو دوور نیە دواتر راپرسیەکی نوێ سەبارەت بە ئەندامێتی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا ئەنجام بدرێ، هاوکات لەوانەشە راپرسیەکی دیکە دەربارەی سەربەخۆیی سکۆتلەندا بەخۆیەوە ببینێ. لەو پرۆسەیەشدا وەک بابەتێکی تەقلیدی دوو پارتی سەرەکی رکابەری یەکتر دەکەن لەسەر وەدەستهێنانی زۆرترین کورسی و دواتر پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو، ئەوانیش (پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی ئێستا و پارتی کرێکاران بە سەرۆکایەتی جێرمی کۆربن)ن.

بەرنامەی کاری دوو پارتی سەرەکی

بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارتی پارێزگاران بەرنامەی کاری پارتەکەی خستە روو، بەرنامەکە لە 59 لاپەڕە پوخت کراوەتەوە و ناوی لێ نراوە: پێکهێنانی بەریتانیایەکی نوێ و سەرەتا بە چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا لە 31یەنایەری داهاتوو دەچێتە بواری جێبەجێکردن . هاوکات پارتی ناوبراو چەند پەیمانێکیشی بە خەڵکی بەریتانیا داوە، جگە لە جێبەجێکردنی بڕیگزت، ئەوانی تر پەیوەستن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی و دامەزراندنی 20هەزار پۆلیس و 50هەزار پەرستیار لە ماوەی 5ساڵدا. لەولاشەوە بەرنامەی کاری پارتی کرێکاران لەلایەن جێرمی کۆربنی سەرۆکەوە راگەیەنرا و بریتیە لە 105لاپەڕە و ناوی لێ نراوە بەیاننامەی هیوا . پارتی ناوبراو لە بەرنامەکەیدا جگە لەوەی پلانێکی سەرتاسەری سەبارەت بە گۆڕینی وڵات خستۆتە ڕوو،هاوکات ئاماژەی بە سیما و شێوازی دووبارە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا کردووە سەبارەت بە بڕیگزت. ئەو پارتە لە بەرنامەکەیدا باسی لە ئەگەری ئەنجامدانی راپرسی دووەمیش کردووە، جگە لە خۆمالێکردنی چەند خزمەتگوزاریەکی وەک ئاو و کارەبا و هێڵی شەمەندەفەر و پۆستە و دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێتی بێ بەرامبەر بۆ هەموو ماڵێک لە بەریتانیا.

لەبواری سیاسەتی دەرەوە

ئەگەرچی سەبارەت بە دەنگدەری بەریتانی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لە پێشەوەی بژاردەکانی نیە کاتێک دەنگ بە پارتێک دەدات، بۆیە پارتە سیاسییەکان لە کۆتایی بەرنامەکانیان باس لەو بابەتە دەکەن:

پارتی پارێزگاران

- جەختکردنەوە لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانی بارزرگانی لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا.
- گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمەریکا سەبارەت بە مۆرکردنی ڕێککەوتنێکی ئابووری لەگەڵیدا.
- دڕێژدان بە هاوپەیمانیە سەربازیەکان، لە پێشەوەیاندا ڕۆڵی بەریتانیا لە پەیمانی باکوری ئەتلەسی.
- لە کۆتایی مانگی یەنایەری ساڵی داهاتوودا بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا دەچێتە دەرەوە و سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتیەدا بەریتانیا دەکەوێتە دانوستان.

پارتی کرێکاران

- سەبارەت بە دۆسیەی سیاسەتی دەرەوە، کۆربنی سەرۆکی ئەو پارتە هەمیشە پشت بە ئاراستەی ڕادیکاڵیانە دەبەستێ.
- بەریتانیا پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانە دەبڕێ کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و چەکیان پێ نافرۆشێ.
- دانان بە دەوڵەتی فەلەستین.
- ڕێککستنی هەڵوێست بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا.
- بەهێزکردنی پەیوندی لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.
- بەردەوامبوون لەسەر خەرجیە سەربازیەکانی بەریتانیا لە ناتۆ .

لەبواری بڕێگزت

پارتی پارێزگاران

- ڕۆژی 31ی یەنایەری داهاتوو، بەریتانیا کۆتایی بە ئەندامێتی خۆی لە یەکێتی ئەورووپا دێنێ.
- ماوەی ئینتیقالی تا کۆتایی ساڵی داهاتوو درێژ ناکرێتەوە. - سەبارەت بە هەموو بوارەکانی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا، بەریتانیا دەکەوێتە گفتوگۆ و دانوستانی چڕ .

پارتی کرێکاران

- تا مانگی ئاداری 2020حکومەتی کۆربن سەبارەت بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تازەی چوونە دەرەوە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا گفتوگۆ دەکات .
- لە ماوەی 6مانگی یەکەمی دەسەڵاتی ئەو پارتەدا ڕێککەوتننامە تازەکە دەخرێتە ڕاپرسیەوە .

لەبواری تەندروستی

پارتی پارێزگاران

- زیادکردنی ژمارەی کرێکارانی کەرتی تەندروستی و دامەزراندنی 50هەزار پەرستیار لە ماوەی 5ساڵدا.
- لەو ماوەیەدا نزیکەی 6هەزار پزیشکی تازە دەخرێنە ناو پرۆگرامی پزیشکی خێزان.

پارتی کرێکاران

- زیادکردنی بودجەی دابینکراو بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی بە ڕێژەی 4.3%لە ساڵێکدا.
- دووڕکەوتنەوە لە پرۆسەی بەتایبەتکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی.
- خەرجیەکانی ئەم پرۆگرامە لەسەر حیسابی زیادکردنی ڕێژەی باج دەبێ لە کۆمپانیا و سەرمایەداران.

لەبواری ئابووری

پارتی پارێزگاران

- سڕکردنی سەقفی بەرزکردنەوە و زیادکردنی هەموو جۆرە باج و پاشەکەوتکردنێک بۆ ماوەی 5ساڵ .
- بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو داهاتەی کە پەیوەستن بە پاشەکەوتی دڵنیایی نەتەوەیی.
- دامەزراندنی سندوقێک بە بەهای 100ملیار جونەیهی ئستەرلینی بە مەبەستی پشتگیریکردن لە پرۆژەکانی بونیادنانی ژێرخانی وڵات.
- تا ساڵی 2025ئینتەرنێتی خێرا دەگەیەنرێتە هەموو شوێن و ناوچەکانی وڵات.
- دانانی سنوورێک بۆ دیاردەی کۆچکردن بۆ بەریتانیا لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێگەچارەی هاوشێوەی ئەوەی ئوسترالیا دەیگرێتە بەر.

پارتی کرێکاران

- خۆمالێکردنی خزمەتگوزاریە گشتی و سەرەکیەکانی وەک هێڵی ئاسن و پۆستە و غاز و کارەبا و هی تر.
- گەیاندنی ئینتەرنێتی خێرا و بێ بەرامبەر بۆ هەموو شوێنێکی بەریتانیا.
- دەستکردن بە ئەنجامدانی پرۆژەی نوێی سەرمایەگوزاری لە بواری وزەی پاک و کەرتەکانی ئابووری.
- سەرچاوەی کۆمەکی ئەم پرۆژانە بریتی دەبێ لە وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی نەوت و غاز.


ئەگەر دەنگی پێویست وەدەست نەهێنرا

- ئەگەر هیچ پارت و لایەنێک نەیانتوانی زۆرینەی دەنگ وەدەست بێنن،ئەو کاتە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بە پەرلەمانی هەڵپەسێردراو ناوەدەبرێ.
- لەو حالەتەدا پارتەکان بۆیان هەیە لەنێوان خۆیان ڕێک بکەون و هاوپەیمانیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی لە هەر دەنگدانێکی نێو پەرلەماندا پشتگیری وەدەست بێنن.
- سەرۆکوەزیرانیش بەر لە هەموو کەس بۆی هەیە هەوڵ بدات پارتەکەی خۆی لەگەڵ لایەنی تر ڕێک بخات بۆ دەستەبەرکردنی زۆرینە لەناو پەرلەماندا.
- لەوانەشە ئەم زۆرینەیە لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوبەندیەکی فەرمی وەدەست بهێنرێ، وەک ئەوەی ساڵی 2010لە نێوان پارتی پارێزگاران و دیموکراتیخوازی ئازاد ڕوویدا.

ژمارە و داتا
کورسی پێویست بۆ سەرکەوتن

- هەموو خاکی بەریتانیا بۆ 650بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێ.
- هەر بازنەیەک لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کورسیەکی هەیە.
- لە هەر بازنەیەکدا دەنگدەران بۆ دەستنیشانکردنی بەرێژێکی ناوخۆیی دەنگ دەدەن.
- بەرێژێران یان نوێنەرایەتی پارتە سیاسیەکان دەکەن یان سەربەخۆن.
- هەر بەرێژێرێک زۆرترین دەنگ وەدەست بێنێ، دەبێتە خاوەنی کورسیەک.
- دەنگدەران کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی 12ی کانونی یەکەم ڕوو دەکەنە بنکەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەکە تا کاتژمێر 10یە کاتی گرینیچ بەردەوام دەبێ.
- دەنگدەر بۆی هەیە ڕاستەوخۆ ڕوو بکاتە بنکەکانی دەنگدان و یان پێشوەختە دەنگدانەکەی لە ڕێگەی پۆستەوە ڕەوانە بکات.
- لە هەریەکە لە ئینگلتەرا و ویلز و سکۆتلەندا و ئیرلەندای باکور 45.8ملیۆن دەنگدەر تۆمار کراون.
- ئەو هاوڵاتیە بەریتانیانەی ڕۆژی 12ی کانونی یەکەم دەگەنە تەمەنی 18ساڵ و لە وڵات دەژین، لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەو تەمەنەیان تێپەڕ کردووە، مافی دەنگدانیان هەیە.
- هاوڵاتیانی ئیرلەندا و هەندێک لە وڵاتانی کۆمنوێلس کە لەناو بەریتانیا دەژین، مافی دەنگدانیان هەیە.
- ئەو بەریتانیانەش کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و لە ماوەی 15ساڵی ڕابردوودا تۆمار کراون، مافی دەنگدانیان هەیە.

لە ساڵی (1929)وە هەتا ئەمڕۆ



لە ساڵی 1721وە تا ئەمڕۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا بە 76کەس سپێردراوە، لە نێویاندا چەندین کەسایەتی هەن بۆ زیاتر لە جارێک ئەو پۆستەیان پێ سپێردراوە، لە خوارەوە ناوی 20کەس لەوانە دەخەینە ڕوو کە لە ساڵی 1929وە تا ئەمڕۆ بوونەتە سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتە:

ڕامزی ماکدۆنالد: بۆ جاری دووەم، پارتی کرێکاران، 1929 تا 1935.

ستانلی بلدوین: بۆ جاری سێیەم، پارتی پارێزگاران، 1935 تا 1937.

نیڤیل چامبرلین: پارتی پارێزگاران، 1937تا 1940.

ونستۆن چەرچل: پارتی پارێزگاران، 1940تا 1945.

کلیمنت ئاتلی: پارتی کرێکاران، 1945تا 1951.

ونستۆن چەرچل: جاری دووەم، پارتی پارێزگاران، 1951تا 1955.

ئەنتۆنی ئیدن: پارتی پارێزگاران، 1955تا 1957.

هارۆلد ماکمیلان: پارتی پارێزگاران، 1957تا 1963.

ئیلیک دۆگلاس هۆم: پارتی پارێزگاران، 1963تا 1964.

هارۆلد ویلسۆن: پارتی کرێکاران، 1964تا 1970.

ئێدوارد هیس: پارتی پارێزگاران، 1970تا 1974.

هارۆلد ویلسۆن: جاری دووەم، پارتی کرێکاران، 1974 تا 1976.

جیمس کالاهان: پارتی کرێکاران، 1976تا 1979.

مارگریت تاتشەر: پارتی پارێزگاران، 1979تا 1990.

جۆن میجەر: پارتی پارێزگاران، 1990تا 1997.

تۆنی بلێر: پارتی کرێکاران، 1997تا 2007.

گۆردن براون: پارتی کرێکاران، 2007تا 2010.

دێڤید کامیرۆن: پارتی پارێزگاران، 2010تا 2016.

تیریزا مای: پارتی پارێزگاران، 2016 تا 23ی یۆنیۆی 2019.

بۆریس جۆنسۆن: پارتی پارێزگاران، 24ی یۆلیۆی 2019تا ئێستا.

ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان

- زۆربەی بازنەکانی دەنگدان لەدوای داخستنی سندووقەکانی دەنگدان لە کاتژمێر 10یە کاتی گرینیچ دەست بە جیاکردنەوەی دەنگەکان دەکەن.
- بە زۆریی، دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک بەسەر تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان، ئەنجامی بەرایی ڕادەگەیەنرێن، هەروەها چاوەڕێ دەکرێ زۆربەی ئەو بازنانە بەرەبەیانی ڕۆژی 13ی کانونی یەکەم ئەنجامەکان ڕابگەیەنن.
- لە کۆتایی ڕۆژی 13ی کانونی یەکەم دەبێ هەموو ئەنجامەکان ڕابگەیەنرێن .
- بۆ وەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەها لە پەرلەمان، لایەنی براوە پێویستی بە 326کورسی هەیە.
- بەڵام وەدەستهێنانی زۆرینەی کارپێکراو پێویستی بە کورسی کەمتر هەیە بەو پێیەی کورسیە هەڵبژێردراوەکانی پارتی شین فین لە ئیرلەندای باکور کورسیەکانیان پڕ ناکەنەوە.

پێشبینییەکان

بە گوێرەی دوایین ڕاپرسی کە سەبارەت بە ڕێژەی وەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنی 12ی کانونی یەکەم ئەنجام دراون، دەرکەوتووە کە:

پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی بۆریس جۆنسۆن (کە تا ئێستا بە جیاوازی 11خاڵ لە پێشەوەیە) 38%.

پارتی کرێکارانی بەرهەڵستکار بە سەرۆکایەتی کۆربن 27%.

پارتی دیموکراتخوازانی ئازاد 16%.

پارتی بڕیگزت : 10%.

پارتی سەوز : 4%.

پارتی نەتەوەخوازی سکۆتلەندی : 3%.

گەشتوگوزار 1ملیار دۆلار دێنێتە هەرێم و 30هەزار هەلی کار دەرەخسێنێ

نادر روستی

گەشتیاری لە جیهان بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتان، سەرەڕای گرنگیدانیان بە پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و کشتوکاڵ و بازرگانی و نەوت بە تایبەت وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و چین و بەریتانیە... ئەم چەند وڵاتە بەردەوام لە 10یەکەمەکانی جیهانن لە رووی زۆری ژمارەی گەشتیاران و لە رووی داهاتی گەشتیاری. داهاتی گەشتیاری بە پێی زانیاریەکانی رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی 2017گەیشتە (1ترلیۆن و 400ملیار دۆلار) ، کە زیاتر لە 10%ی داهاتی جیهانە پێکدەهێنێت.





وڵاتە یەکەمەکان لە داهاتی گەشتیاری

ژمارەی گەشتیاران لە 2017لە جیهان گەیشتە (1ملیار و 300ملیۆن) گەشتیار، ئەمریکا زیاتر 200ملیار دۆلار داهاتی هەیە و بە یەکەم وڵات دادەنرێت لە رووی داهاتی گەشتیاری، فەرەنساش بە 89ملیۆن گەشتیار بە یەکەم وڵات لە ژمارەی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، لە 10هەلی کار یەک هەلی کار، واتە لە 10%ی هەلی کار لە کەرتی گەشتیاری لە جیهان دابین دەکات.

بە پێی سەرچاوەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە 3هەزار شوێن و ناوچەی گەشتیاری هەیە کە شوێنی مانەوە و خواردن و شوینی سروشتی و مرۆی و چالاکی پێک دەهێنن: (625هۆتێل، 350موتێل، 88 گوندی گەشتیاری، 1853ریستۆرانت و کافێ، 170شوێنی سروشتی ومرۆی و جۆراوجۆری تری کات بەسەر بردن لە هاوینەهەوار و هەوارگە و ئەشکەوت و کانی دەرمانماوی و شوێنەواری گەشتیاری و مەزارگە و شوێنی ئایینی و شوێنی سروشتی...) هەیە، باسی هەموو ئەو شوێنە نوێیانەش ناکەم کە مۆڵەتیان دەر نەهێناوە و هەزاران هەلی کاریان دابین کردووە، بۆ نموونە تەنیا لە سنووری ناحیەی وەرتێ 35پرۆژەی کەپری گەشتیاری هەیە کە رەنگە هەرپرۆژەیە بەلای کەم 5هەلی کاری دابین کردبێ. لە 3هەزار شوێنی گەشتیاری ئەگەر هەرشوێنێک بە تێکرای 5هەلی کاری رەخساندبێت دەکاتە 15هەزار هەلی کار. بەهۆی گەشتیاری پارەیەکی زۆر دەخاتە بازارەکانەوە ودەیان شوێنی تری وەک: (دوکاندار، شوفێری، دەستگیری، ساردەمەنی، کاری دەستی، میوەفرۆشی، مارکێتە بچوک و گەورەکان، فرۆشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی...) 15هەزار هەلی کاریش ناراستەوخۆ لەم کەرتانەی ناوبران بە هۆی هاتنی گەشتیاران دەرەخسێت، کەواتە زیاتر لە 30هەزار هەلی کار فەراهەم دەبێت، هەرچەندە گەشتیاریش پێش بکەوێت و شوینی گەشتیاریش زۆر دەبێت و هەلی کاری زۆرتر دەرەخسێت. ئەگەر هەر هەلی کارێک 400هەزار دینار دەسکەوتی بێت، دەکاتە 12ملیار دینار، ئەگەر 500هەزار دیانریش بێت دەکاتە 15ملیار دینار.

سەبارەت بە ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2018زیاتر لە 3ملیۆن گەشتیار بوو، لە کۆتای ساڵی 2019دەگاتە 3ملیۆن و نیو گەشتیار، واتە ساڵانەش دەکرێتی بڵێین زیاتر لە 3ملیۆن و نیو گەشتیار دێتە هەرێم. بە پێی ئەو فۆرمانەی ساڵانەش وەک نموونە لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە رێگەی بەرێوەبەرایەتیەکان پر دەکرێنەوە و وەک نموونە زانیاری لە گەشتیاران وەردەگیرێن، هەرگەشتیاریک زیاتر 300 دۆلار لە بازارەکانی هەرێم خەرج دەکات، بە پێی ئەم لێکدانەوەش بێت ئەوە زیاتر لە 1ملیار دۆلار دێتە بازارەکانی هەرێم و هاوڵاتیان سوودی لێوەردەگرن و گەورەترین جوڵە دەخەنە بازارەکانی هەرێم. داهاتی حکومەتیش لە رێگەی رسومات و باج و کرێی مساتەحە کۆدەکرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بەمەزندە وەربگرین ساڵانە 5ملیار دینار رسومات بێت و 5ملیار دیناریش باج بێت، داهاتی حکومەت دەگاتە زیاتر لە 10ملیار دینار. باسی سوودەکانی ناراستەوخۆی گەشتیاریش ناکەین کە دەبێتە هۆی بوژانەوەی گوندەکان و بوژانەوەی کشتوکاڵ و ساخ کردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و میوەجاتی گوندەکان و بە جوڵە خستنی بازاڕ و لابردنی گوشارێکی زۆری دامەزاردن لەسەر حکومەت. ئەم بایەخەی گەشتوگوزار بووە پاڵنەر و هاندەر بۆ سەرمایەداران تاکو زۆرترین وەبەرهێنانی تێدا بکەن، کەرتی گەشتیاری لە سەرەتای وەبەرهێنانەوە تاکو ساڵی 2019لە 13%پێکهێناوە، بەڵام لە 10مانگی ساڵی 2019بە تەنیا لە 38%ی وەبەرهێنانی کوردستانی پێک هێناوە. پێویستە لە کۆتایی بپرسین ئایا ئەم کەرتە گرنگە کە ئەو هەموو سوودەی بۆ وڵات هەبێت بۆچی تاکو ئێستا نەبۆتە دەستەیەکی سەربەخۆ لە حکومەتی هەرێم، یاخود بۆچی یەک راوێژکاریش نە لە دەستەی گەشتوگوزار و نە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و نە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرەپێدان و پێشوەبردنی کەرتی گەشتیاری نییە، ئەمەش یەکێکە لەو ئاماژانەی کە پێمان دەڵێت گەشتوگوزار لەم وڵاتە نەبۆتە جێگای بایەخی حکومەت.

مۆزەخانەی بەردوگەوهەر لە قەڵای هەولێر بێ بەرامبەر رۆژانە خزمەتی سەدان قوتابی دەکات



تاکە مۆزەخانەی تایبەتمەندی بوارەکەیە لە هەموو عراق و دووهەم لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەکەوێتە سەنتەری قەڵای هەولێر. تایبەتە بە نمایشکردنی بەرد و بەردی بەنرخ و کانزاکان بە شێوەیەکی زانستی و هونەری. جۆرەها بەردی بەنرخی کوردستان و هەموو جیهان لەخۆدەگرێت. گەشتیاران و قوتابیان و هەوادارانی کانزا و بەردە بەنرخەکان سەردانی دەکەن و چێژی لێوەردەگرن. خاوەندارێتی مۆزەخانەکە کەرتی تایبەتە و چوونە ژوور بە بلیتە، بەڵام بۆ قوتابیان و قوتابخانەکان و زانکۆ بێ بەرامبەرە.

سەربەست مەجید شارەزا و خاوەنی مۆزەخانەکە خۆی و ستافەکەی لەم وەرزەدا رۆژانە پێشوازی لە 300تا 500قوتابی دەکەن و بەشەکانی مۆزەخانەیان پیشان دەدەن و زانیاری ورد لەسەر کارەکە و جۆری بەردەکان پێشکەشیان دەکەن، بڕیە دەکرێ بڵێین وەک مامۆستایەک رۆژانە وانە بۆ 3بۆ 5 گروپ دەڵێتەوە، ئەم ئەرکە خۆبەخشیە خزمەتێکی گەورەی بواری هۆشیاری هاوڵاتیان و کەرتی گەشتیاری دەکات. لە مۆزەخانەکە دەیان هەزار جۆری بەردی جۆراوجۆر هەیە و سالانەش زیاتر لە 60 بۆ 100هەزار قوتابی سەردانی دەکات.



17گروپی شاخەوانی و ژینگەپارێزی بە فیستیڤاڵی شاخەوانی ناوچەیەکی گەشتیاریان بە 450 شاخەوان و هەزاران هاوڵاتی ناسانند

سەنتەری بارزان بۆ ژینگەپارێزی و شاخەوانی بە هاماهەنگی گروپی شاخەوانی هەڵگۆزد و بە پاڵپشتی قایمقامی میرگەسۆر و یەکە کارگێریەکانی سنوورەکە و بنکەی گەشتوگوزاری میرگەسۆر، یەکەم فیستیڤاڵی پایز بۆ شاخەوانی لە گەلی زۆرگەڤان لە ناوچەی بارزان سازکرد. سەرەڕای باران بارین و کەشوهەوایەکی سارد فیستیڤاڵەکە لە دەروازەی گەلی زۆرەگڤانی گەشتیاری، لە بەردەم پرۆژەی گەشتیاری گەلی زۆرەگڤان کە خۆی لە ریستۆرانت و کافێ و شوێنی پشوودان دەبینێتەوە ، بە ژمارەیەک وتار و گۆرانی و شێعر و مۆسیقا دەست بە چالاکی فیستیڤاڵەکە کرا، دواتر کاروانی شاخەوانەکان لەناو سروشتی جوانی پایز و لە ژێر وەرینی گەڵاکان و بەدەم رووبار و ئاوی سازگار بۆ گەلی دالاش و گوندی ئیسۆمەرا بەرێ کەوتن، دوای بڕینی 5کم رێگا و گەیشتن بە وێستگەی شەومانەوە، لە گوندی ئیسۆمرا شەو مانەوە، لە درێژای شەو بە چەند چالاکیەکی وێژەی و هونەری درێژە بە فیستیڤاڵەکە درا.

لە ڤیستیڤاڵەکە نزیکەیی 450شاخەوان و میوانی ژینگەدوست و شاخاوان دوست، کە 17گرۆپ بەژداریان تیادا کرد لە ئافرەت و پیاو پێکهاتبوون، فیستیڤاڵەکە ماوەی 2رۆژی خایاند. ئەنوەر دۆلۆمەری بەرپرسی سەنتەری بارزان بۆ ژینگە پارێزی و شاخەوانی لە پەیامێکدا بە خەباتی راگەیاند، لەکاتێکدا کە 11ی 12وەک رۆژی شاخەوانی جیهانی دیارکراوە، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی تەواوی ئەندامانی سەنتەر و شاخەوانانی کوردستان و جیهان و دوست و میوانە ئازیزەکان دەکەم، سوپاسی یەکەبەیەکی بەشداربووانی فیستیڤاڵیش دەکەم، هەروەها سوپاسی قایمقامی میرگەسور و یەکە کارگێریەکان و گەشتوگوزاری میرگەسۆر و راگەیاندی دەستەی گشتی گەشتوگوزاریش دەکەم کە زۆر پاڵشتمان بوون.

بارینی بەفر جوڵە دەخاتە کەرتی گەشتیاری

بە پێی زانیاریەکان لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی بەفربارین لە لوتکە چیاکانی کوردستان، جوڵەی گەشتیاری زیادی کردووە، جیاوازتر لە کاتەکانی رابردوو لەسەرەتای مانگی 12ژمارەی گەشتیاران بۆ هەرێم بە گشتی رووی لە زیاد بوون کردووە، هەروەها بە پێی زانیاریەکان کە لە پرۆژەی گەشتیاری کۆرەک وەرگیراون لەگەڵ بارینی بەفر لەو ناوچەیە گەشتیاران رۆژدوای رۆژ زیاتر دەبن، چاوەروانیش دەکرێ کە رۆژی پێنج شەم و هەینی ئەم جوڵەیە زۆر زیاد بکات و رۆژانی دواتریش تاکو کۆتایی ساڵ و سەری ساڵ بەردەوام بێت.



وێنە: ئەرشیف



خولێک بۆ قوتابیانی سنووری ناوەندی بەرۆژ کرایەوە

بارزان: مسلم دزلەمەری

ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی بەرۆژی سەربە ناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لە یاریگای فریزی دەستکردنی بەرۆژ، خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو، کە بۆ ژمارەیەک تیپی قوتابیانی سنووری ناوەند ئامادەکرابوو، شەوانەش یاریبیەکان لەلایەن چەند ناوبژیوانێکەوە بەڕێوەدەچوو.

دوای رکابەرییەکانیش هەردوو تیپی 12ی وێژەیی وتیپی 10ی وێژەیی گەیشتنە یاری کۆتایی و تیپی 10ی وێژەی توانی بە ئەنجامی 2گۆڵ بەرامبەر بە 1گۆڵ یارییەکە بباتەوە و ببێتە قالەوانی خولەکە.



رۆنالدۆ دریسەکی خۆی پێشکەشی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دەکات

لەمیانی سەردانێکیدا بۆ ولاتی ئیتالیا، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل چاوی بە کریستیانۆ رنالدۆ و یاریزانانی یانەی یۆڤینتۆس دەکەوێت، دوای ئەمە وەزیری ناوبرا وێنەی خۆی لەگەڵ رۆنالدۆ بلاوکردۆتەوە و لەژێر وێنەکەش نووسیویەتی رۆنالدۆ دریسێکی خۆی پێشکەش کردووە و ریزو سلاویشی بۆ هاندەرانی ریال مەدرید لە ئیسرائیل هەبوو.

دوای بلاوبوونەوەی ئەو وینەیەش هێرشێکی زۆر لەلایەن هاندەرانی عەرەبەوە ئاراستەی رۆنالدۆ کرا و لە کۆمێنتەکانیان لەخوار وینەکە ئامادەیان بەوەداوە کە ئەمەی ئەو کردی پشتیوانییەک بووە بۆ ئیسرائیل ئێمە ئیدانی ئەو هەڵوێستەی دەکەین.

والکەر: رکابەریکردن لەسەر خولی ئینگلتەرا ئەستەم بووە




کایل والکەر، بەرگریکاری لای راستی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی باوەڕی وایە، رکابەریکردنی تیپەکەی لەسەر نازناوی خولی نایابی ئینگلتەرا، ئەستەم بووە. ئەمەو مانچستەر یونایتد، دێربی شاری مانچستەر یەکلایی کردەوە، بە بردنەوەی لە مانچستەر ستی، بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک، لەو یاریبە رۆژی شەمە لەسەر یاریگەی ئیتحیاد، لە گەڕی 16 پریمەر لیگ بەڕێوە چوو. دوای یاریبەکە، کایل وۆکەر، لێدوانی بۆ کەناڵی سکای سپۆرتس دا و گوتی:پێویستمان بە هێشتنەوەی گۆڵەکەمان بە خاوێنی بوو، یونایتد پلانێکی تۆکمەی هەبوو و لە جێبەجێکردنیشی سەرکەوتوو بوو، هەروەها گوتی:"مانچستەر چەندین یاریزانی خێرای هەیە، کە دەتوانن لە هێرشی هەڵگەڕاوەدا، زیانت پێ بگەێنن، ناتوانین گلەیی لە گواردیۆلا بکەین، چونکە ئەو چەندید نازناوی بەدەستهێناوە، گوتیشی: رکابەریکردن لەسەر نازناوی پریمەرلیگ، بەهۆی لیڤەرپوولەوە ئەستەم بووە، چونکە ئەوان دەبەنەوە و ئێمەش وا ناکەین، کەلێنی نێوانمان گەورە بووە، بەڵام ئێمە تاکو کۆتایی دەجەنگین و کۆڵ نادەین.

شیاوی باسکردنە، بەو بردنەوەیە کۆی خاڵەکانی مانچستەر یونایتد گەیشتە 24 خاڵ و لە پلەی پێنجەم دایە، لەوکاتەی کۆی خاڵەکانی مان ستی لەسەر 32 خاڵ و مانەوە لە پلەی سێیەم وەستاوە.

رەمزی میرەکانی

لۆکا گەیشتەوە جۆردان

لۆکا دۆنسیچی سلۆڤینی توانی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ تیپەکەی دالاس مافریکس بەسەر یانەی نیو ئۆرلیانز بلیکانز، بەجیاوازی 46خاڵ تۆماربکات تۆمار کرد. لۆکا بەم دەسکەوتەش توانی ریکۆردی مایکل جۆردانی ئەفسانە یەکسان بکاتەوە، کە 26حاڵی تۆمارکرد لەگەڵ 9 هەڵدانی سەرکەوتوو، هەروەها ئەمەش 18 یاریبە لەسەر یەکتری لە 20 خاڵی زیاتر تۆمار بکات، کە ئەمەش پێشتر تەنها مایکل جۆردان لەگەڵ شیکاگۆ پۆلز ئەو ڕێژەیەی تۆمارکردبوو.



قەتەر دوو کەشتی بۆ جەماوەری مۆندیالی 2022 ئامادە دەکات

لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکای مۆندیالی 2022ی قەتەر رایگەیاند کە لەگەڵ کۆمپیانیای MSCی کردووە ڕێکەوتووە دوو کەشتی گەشتیاری بەکرێ بگرێت، کە هەر کەشتییەک 2هەزار ژوور لە خۆدەگرێت، کە لە هوتێل و ژووری نوستن و حەمام پێک هاتووە،

لیژنەکە لە راگەیەندراوێکدا زیاتر ئاشکرای دەکات کە ئەو دوو کەشتییە لە مینای دۆحە دەمێنیتەوە بەدرێژایی یەک مانگ واتە تا تەواوبونی مۆندیال، لەوێش پاسی گەورە هەروەها میترۆی دۆحە لە خزمەتی گواستنەوەی گەشتیار و جەماوەردا دەبێت.



ئەو هاندەرەی سوکایەتی بە فرید کرد دەستگیرکرا

هاوکار کەلهوڕی

تۆڕی بی بی سی ئاشکرای کرد کە پۆلیس ئەو هاندەرە تەمەن 41 ساڵەی دەشتگیرکرد کە لە یاریبەکەی نێوان مانچستەر سیتی و مانچستەر یونایتد سوکایەتی بە فریدریکۆ سانتۆس (فرید) کردبوو.

لە گرتە تەلەفزیونەکەدا دەرکەوتووە کە یەک لە هاندەرانی مان سیتی ئاماژەی رەگەزپەرستی دژی فریدی بەرازیلی و یاریزانی یانەی مان یونایتد بەرزکردبۆوە، لەکاتێکدا کە ئەو یاریزانە خەریکی لێدانی کۆرنە بوو، بەڵام ئەو هاندەرە هەربەمە نەوەستا و چەند شتێکی لەویاریزانە گرت و کە دانەیەکی بەرسەری کەوت.

دوای یاریبەکە ئەو دیمەنە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بلاوبۆوە و دەنگۆیەکی زۆری نارەزایی بەدوای خۆی هێنا و بۆ ئەمەش پۆلیسی بەریتانی ئەو هاندەریان دەستگیرکرد.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed.11. Dec. 2019 No: (5890)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



سەمای دڵداری.. هەر دەمێنێ و ڕەونەقدارترخۆی دەنوێنێ

ساپیر حوسێن

سەمای دڵداری، ناوی دیوانە شیعری، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (نەجم ئەلوەنی)یە، چاپی یەکەمی لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێرە، ئەم دیوانە (137) دەقە شیعری دڵداری بە ناوەرۆکی خۆیەوە گرتووە. شاعیر خۆی لە پێشەکی ئەم دیوانە دەڵێ: (سەمای دڵداری، تەنیا سەمایەکی وروژێنەرمان وەبیر ناخاتەوە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ناساندنی دڵداری لە هەموو ڕووە جوانەکانییەوە). خوێندنەوەی سەمای دڵداری، وەک دەرکەوتنی وردیلە بزەی گەزیزە وایە. ئەو چەندە نەشئەی خۆشبەختی بە ڕۆحی ئینسانەکان دەبەخشێ، ئەمیش ئەوەندە دڵ و دیدەی خوێنەر دەهەژێنێت و هەستی ئازادی



لە ناخیدا دەوروژێنیت. بێگومان ئەوانەی کە بە واقعی کردەی دڵداریان ئەزموون کردووە، جوانترو باشتر تاقەتیان بەسەر بەرجەستەکردنی وێنەی چیرۆک ئامێزی دڵداریدا دەشکێ، لەوانەی تەنها بە تیۆری چوونەتە ناو دنیای فەلسەفە و ستاتیکای عیشقەوە. (نەجم ئەلوەنی) وەک لە وەسفی دەقەکانی دەردەکەوێ، باسی عیشقەکەی هۆنینەوەیەکی سیمبۆلیکە، پڕەتی لە دەستەواژەکانی ستاتیکا، ویستوویەتی لە بەهای جوانییەکانی ڕەمزێکی دیکە بخوڵقێنێ، کە هەم وێژەو هەست و شێعری خۆی پێ بڕازێنێتەوە، هەمیش نەمری بەو عیشقە ئەبەدیەی خۆی ببەخشێ، کە سەرتر لە وەسف و ئیماژو سووژەی شیعری. لە کۆتایدا پێویستە بگوترێ، کە ئێمەمانان لە خەیاڵدا ناژین و ڕاستییەکان ئەوەیە، کە شتێک هەیە بەناوی نەمری عیشقەوە، ئێمە سەفەر دەکەین و کۆچ دەکەین و پیاسەی ئەو دیوی دنیا دەکەین، کەچی ئەو هەر دەمێنێ ڕەونەقدارترخۆی دەنوێنێ.

هونەرمەند زاهیر عەلی: هەتا تەمەن ڕێگەم بدات لە کاری هونەری بەردەوام دەبم

ئەو فیلمە دۆبلاژکراوانە کارێکی نامۆیە و دەبێتە هۆی تێکدانی کلتووری نەتەوەیی

دیمانە: پەریها عومەر

هونەرمەندی گەورەی شاری سلێمانی مامۆستا زاهیر عەلی لەساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی کانیسکان لە سلێمانی لە دایکبووەو لە ساڵی١٩٧٦ دە ستیکردووە بە کاری هونەری زیاتر لە (٧٠) کاری هونەری شانۆ سینەمای هەیە کاری هونەری زۆر لا خۆشەویست بووە بۆیە هەمیشە سەرکەوتوو بووە لە کارەکانی هەمیشە وایکردووە بینەری زۆر لە خۆی کۆ بکاتەوە لەگەڵ ئەوەی لە کاری دراما دەوری هەبووە کاری سینەما و شانۆشی هەیە مامۆستا زاهیر ئەو دەورانەی گێڕاویەتی هەمیشە دەوری جوان بووە لە زۆرێک لە دراماکان دەوری هەبووە بەڵام ئەمە هەندێ لە کارەکانیەتی کە دەوری هەبووە وەک (چارە نووسی ئادەمیزاد)، (خەمی جولەکەکان)، (ڕەشەی پۆلیس) دەوری گێڕاوە.



مامۆستا زاهیر بۆ خەبات دەڵێ: هۆکار چیبە بینەر لە دراما و شانۆی کوردی تێزاوە؟

بە ڕای من دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە:

* فراوانبوونی حەزو ئارەزووی بینەر

*جاران لە هەموو دەقێکدا بینەر خۆی تیا دەبینی، هەستیدەکرد بەشێکە لە ڕووداوەکانی ناو دراماکە.

* بوونی ئینتەرنێت و فراوانی تێکەڵبوونی مرۆڤ بە دنیای دەرەوە.

تا چەند قورستر کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لە دراماکەدا؟

کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت زیاتر لێی بەرپرسیار دەبی بەرامبەر دەقەکەو ڕۆڵی کەسایەتییەکە، چونکە ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەسایەتییەکەو سەرکەوتنی دراماکە.

چی دەڵێیت لە بارەی فیلمە دۆبلاژکراوەکان کە لە کەناڵەکاندا پەخشدەکرێت؟

هەموو نەتەوەیەک خاوەن کلتوورو ڕەوشتی خۆیەتی دەبێت پارێزگاری لێبکات و هێنانی ئەو جۆرە فیلمە دۆبلاژکراوانە کارێکی نامۆیەو دەبێتە هۆی تێکدانی کلتووری نەتەوەیی، بە ڕاستی من نازانم، چونکە ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێت تەنها ئەوەندە دەڵێم: کارێکی باش نییە.

بەردەوام دەبێت لە کاری هونەری؟

هەتا تەمەن ڕێگەم بدات بەردەوام دەبم چونکە منیش وازبێنم جەماوەر ڕێگەم نادات لە زۆربەی شوێنەکاندا دەمانبینن دەڵێن: بۆ هیچتان دیار نییە، ئێمەش ناچارین بەردەوام دەبین دوا کاری هونەری دراماى (چەرخ و فەلەک) لەگەڵ هونەرمەندانی شارە جوانەکانی هەولێرو بەشێک لە هونەرمەندانی سلێمانی کە 30ئەڵقەیە هیوادارم سەرکەوتوو بێت.

ئەمە هۆکارەکەیەتی!
شاجوانی ئۆکرانیا ڕەخنە لە یاساکانی شاجوانی دەگرێت



هەمزە سەرحان

یەکێک لە بەربژێرانی شاجوانی جیهان ڕەخنە دەگرێت لە یاساکانی شاجوانی، چونکە ئەو خانمانە پەسەند ناکەن کە بونە بە دایک، دەڵێت ئەمە وەکو جیاوازی وایە.

خانمە مۆدێل ڤیرۆنیکا دیدۆسینکۆی تەمەن 24 ساڵ، شاجوانی ئۆکرانیا بۆساڵی 2018 لە بەربژێرانی شاجوانی جیهان دورخرایەوە دوای ئەوەی دەرکەوت کە دایکی منداڵێکە، بەهۆی ئەوەی یاساکانی شاجوانی ئەو کەسانە پەسەند ناکەن کە منداڵیان هەیە و ڕێگە نادرێت بەشداری بکەن.

ڤیرۆنیکا، کە خاوەنی منداڵێکی شەش ساڵانە، دەیەوێت لە دژی ئەو یاسایانە بوەستێتەوە، وتی "دەمەوێت یاساکان بگۆڕم و بەرەنگایان ببمەوە، چونکە یاساکانی شاجوانی بە پێی کات دەگۆڕێت و گۆڕانکاریان بەسەردا دێت".

ڤیرۆنیکا لە ساڵی 2018 بووبە خاوەنی نازناوی شاجوانی ئۆکرانیا، لە ماوەی ڕابردو لە هەوڵی ئەوەدابو وەکو نوێنەری وڵاتەکەی بەشداری شاجوانی جیهان بکات، بەڵام چوار ڕۆژ پێش ئێستا دورخرایەوە و ڕێگەی پێنەدرا بەشداری بکات.

وتی "من هەست بە خراپی دەکەم، چونکە ئەمە تەنها چیرۆکی من نیە، بەڵکو چیرۆکی هەزاران خانمە لە جیهاندا، کە ئارەزو دەکەن بەشداری بکەن بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوان دایکن ڕێگەیان پێنادرێت".

ئەوەشی خستەڕو "بون بە دایک هیچ لە توانا و شارەزایی کەسەکە ناگۆڕێت بۆ ئەوەی ببێت بە مۆدێلێکی سەرکەوتوو، ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی ژیرانە دانەنراوە.

خانمێکی 3ملیۆن یۆرۆی بۆ نەشتەر گەری جوانکاری خەرج کردووە

خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

ئەم دونیایە پڕیەتی لە شتی سەیرو سەمەرە ئەوەتا خانمێکی تەمەن 75 ساڵان بەناوی میلیسا دوای ئەوەی لە کێبڕکێیەکدا دەبێتە براوەی خەلاتێکی چەند ملیۆن یۆرۆی یەکەم کاری کە ئەنجامیدا بریتی بوو لە ئەنجامدانی نەشتەر گەری جوانکاری، دیارە ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە خاتوو میلیسا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەنج بۆتەوە و تەنانەت یەک چرچ و لۆچیش لە ڕووخساریدا نابینرێت و ئەو ئافرەتە لەو کێبڕکێیەدا نزیکەی 4 ملیۆنی یۆرۆی بردۆتەوە و 3 ملیۆن یۆرۆی بۆ ئەو نەشتەر گەریە خەرج کردووە و لە ئێستادا خاتوو میلیسا وەکو خانمێکی گەنج دەردەکەوێت و لێوەکانیشی بۆتۆکس کردووە و فیلەریشی بەکار هێناوە و بەنیازە دوای ئەو نەشەرگەریانە لووتیشی نەشتەرگەری بکات.

